المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (8) – العدد (2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص: 100-124

# کارایی بەرنامەیەکی فێرکاری پشتبەست بە ستراتیژییەکانی فێرکردنی جیاکاری لەسەر دەستکەوتی فێرخوازان پۆلی دەیەمی وێژەیی لە بابەتی جوگرافیا

کارزان محمد عارف[1]، علي عبدالرحمن جمعة[2]، شاد حمید محمد[3]

[1]بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق
[2]بەشی زانستی کیمیا، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق
[3]بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: karzan.arif@univsul.edu.iq[1], ali.jumaa@univsul.edu.iq[2], shad.muhammad@univsul.edu.iq[3]

**پوختە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئامادەکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری پشتبەست بە (٣) ستراتیژی جیاواز لە ستراتیژییەکانی فێرکردنی جیاکاری و کاریگەری ئەو بەرنامەیە بە هەریەک لەو ستراتیژیانە لەسەر دەستکەوتی فێرخوازانی پۆلی دەیەم لە بابەتی جوگرافیا، میتۆدی وەسفی و ئەزموونی بۆ ئامادەکردنی بەرنامەکە پراکتیزەکرا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر گریمانەیەکی سفری دارشت، کە دەقەکەی دەڵێت:

جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی فێرخوازانی گرووپە ئەزمونیەکان کە وانەکان پشت بەست بە پرۆگرامی پێشنیازکراو بە ستراتیژیەکانی فێرکردنی جیاکاری (TPS، جیگسۆ، چالاکی پلەداری) دەخوێنن، و ناوەندی ژمێرەیی گروپی کۆنترۆڵ کراو کە وانەکە بە ڕێگەی ئاسایی دەخوێنن، لە تاقیکردەوەی دەستکەوت.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە فێرخوازانی خوێندنگە ئامادەییەکانی شاری سلێمانی، نمونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە فێرخوازانی خوێندنگەی ئامادەیی (دکتۆر عیزەدین مصطفی ڕەسوڵ) بەشێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێردران کە ژمارەی فێرخوازان (١٠٠) فێرخواز بوو، دابەشکرا بوون بەسەر چوار پۆلی یەکساندا، هەر گروپێک (٢٥) فێرخوازی لەخۆگرتبوو، پاش هاوتاکردنیان لە گۆڕاوەکانی (تەمەن، شارەزایی پێشوو، زیرەکی و دەستکەوتی پێشوویان لە بابەتی کۆمەڵایەتی، دواتر بەشێوەیەکی هەرەمەکی (٣) گروپی ئەزموونی کە هەریەکەیان وانەکانیان پشت بەست بە ستراتیژێک لە ستراتیژییەکانی فێرکردنی جیاکاری دەخوێند، گروپی کۆنترۆڵکراو وانەکان بە ڕێگای ئاسایی دەخوێند دیاریکران.

توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی تاقی کردنەوەیەکی دەستکەوت کە پێکهاتبوو لە (٣٠) بڕگە لەجۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک، پاشان ڕاستی ناوەڕۆک بەپێی خشتەی تایبەتمەندی و ڕاستی ڕواڵەتی لەرێگەی شارەزایان دۆزرایەوە، جێگیرییەکەی بە ڕێگای دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوە لەسەر گروپێکی فێرخوازان لە هەمان قوناغ کە (٥٠) فێرخواز بوون لە دووکاتی جیاوازدا و ماوەی دوو هەفتە لەنێوانیاندا دۆزرایەوە و بەهای جێگیری (٠،٨٤) بوو.

ئەو هاوکێشە ئامارییانەی کە بەکارهێنرا لە توێژینەوەکە هاوکێشەی ئاماری (**One Way Anova**)، هاوکۆلکەی (پێرسۆن)، هاوکۆلکەی ئیتا سکوێر (**Eta-square**)، هاوکێشەی (**Fisher**) و هاوکێشەی (**Cooper**) لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوت جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان هەریەک لە گروپی ئەزموونی یەکەم ، دووەم و سێیەم، بەراورد بە گروپی کۆنترۆڵکراو، هەروەها جیاوزی نێوان ستراتیژییەکان لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی دووەم جیگسۆ بوو.

**کلیلە وشە:** بەرنامەی فێرکاری، فێرکردنی جیاکاری، فێرخوازان، جوگرافیای پۆلی دەیەمی وێژەیی.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**الملخص:**

هدف البحث الى اعداد برنامج تعليمي قائم على (3) ستراتيجيات مختلفة من ستراتيجيات التعليم المتمايز و تعرف فاعلية البرنامج بكل من تلك لستراتيجيات في تحصيل طلبة الصف العاشر في مادة الجغرافية و اتبع البحث المنهج الوصفي لاعداد البرنامج والمنهج الشبه تجريبي لتطبيق البرنامج بغية الوصول الي اهداف البحث من خلال فرضية صفرية وهي:

لا توجد فروق ذات دلالة إحصائية عند مستوى (0.05) بين متوسطي درجات الطلاب في المجموعات التجريبية الذين يدرسون بتدريس الدروس بناء على البرنامج المقترح باستراتيجيات التعليم المتمايز (فكر-زاوج-شارك، جيكسو، الأنشطة المتدرجة) ، والمتوسطي درجات الطلاب المجموعة الضابطة ، في اختبار التحصيل.

تألف مجتمع البحث من طلاب المدارس الإعدادية في مدينة السليمانية، اختار عينة بحثه قصديا في مدرسة (اعدادية الدكتور عزالدين مصطفى رسول ) وأشتملت على (100) طالبا و مقسمين على أربع شعب بالتساوية أذ تضم كل شعبة (25) طالبا. بعد تكافئهم حسب المتغيرات (العمر الزمني، المعرفة السابقة ، الذكاء والتحصيل لستبق في مادة الاجتماعيات) وبعدها قسموا بشكل عشوائي الى (3) مجموعات تجريبية حيث تدرس كل مجموعة حسب استراتيجية تعليمية من استراتيجيات التعليم المتمايز و مجموعة ظابطة التي تدرس بالطريقة المادة المعتادة.

قام الباحث باعداد اختبار تحصيلي متكون من (30) فقرة من نوع الإختيار من المتعدد وتم استخرج صدق محتواه بحسب الخارطة الإختبارية فضلا عن الصدق الخارجي من خلال عرض على عدد من الخبراء في هذا المجال، كما تم استخراج ثباته بطريقة إعادة الإختبار بعد تطبيقه على عينة مؤلفة من (50) طالبا، و من ثم إعادة تطبيقه عليهم بعد مرور أسبوعين على التطبيق الأول، وقد بلغ قيمة الثبات (84,0).

وتم معالجة بيانات البحث بإستخدام الوسائل الإحصائية التالية: (**One Way Anova**)، معامل إرتباط بيرسون، و ئيتا سكوير (**Eta -square**)، معامل (**Fisher**) و معامل نسبة الإتفاق (**Cooper**) و وتوصل الباحث بأن هناك فروق إحصائية دالة بين كل من مجموعات التجريبية الأولى والثانية والثالثة بالمقارنة مع مجموعة الضابطة و كانت الفروق مابين الاستراتيجيات الثلاثة في مصلحة الاستراتيجية الثانية (جيكسو).

**الكلمات المفتاحية:** البرنامج التعليمي، التعليم المتمايز، المتعلمين، جغرافية الصف العاشر الأدبي.

**Abstract:**

The aim of the research is to prepare an educational program based on (3) different strategies of educational strategies differentiated and the effectiveness of that program each of those strategies on the achievement of tenth grade students in Geography and The research followed the descriptive approach to preparing the program and the semi-experimental approach to applying the program in order to reach the research objectives through a zero hypothesis, which is:

There are no statistically significant differences at the level (0.05) between the average scores of students in the experimental groups who study by teaching lessons based on the proposed program with differentiated education strategies (Think-Pair-Share, jigsaw, graded activities), and the average scores of students in the control group, in a test achievement.

The research community consisted of preparatory school students in the city of Sulaymaniyah, who chose a sample for his research intentionally in the school (preparatory school of Dr. Ezzedine Mustafa Rasool). It included (100) students and divided equally into four sections, as each group includes (25) students. After they were rewarded according to the variables (chronological age, previous knowledge, intelligence and achievement to be ahead of the subject in sociology), then they were divided randomly into (3) experimental groups, where each group was taught according to an educational strategy from the strategies of differentiated education, and a control group that was


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

taught in the usual way. (100) students divided equally into four classes, each class comprising (25) students. After they were rewarded according to the variables (chronological age, prior knowledge, intelligence and achievement to be ahead of the subject in sociology), then they were randomly divided into (3) experimental groups, where each group was taught according to an educational strategy from the strategies of differentiated education and a control group that was taught in the usual way.

The researcher prepared an exam to obtain the achievement of students consisting of 30 paragraphs and in the form of choices and then found the sincerity of the internal and according to the table of specifications and the sincerity of virtual by experts and the researcher got stability through repetition of the test on another group of students at the same stage consisting of (50) students and at two different times the period between the two times took two weeks and the value of stability ((0.84).

The research data was processed using the following statistical methods: (One Way Anova), Pearson's correlation coefficient, and Eta-square, the Fisher equation, the Cooper equation and the researcher concluded that there were statistically significant differences between each of the first, second, and third experimental groups compared to the control group, and the differences were Between the three strategies in the interest of the second strategy (Jigsaw).

**Key Words**: the educational program, differentiated education, learners, the geography of the tenth grade literary.

**بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە**

**١-١: کێشەی توێژینەوەکە**

وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان ئێستا لە هەموو کات زیاتر لە هەوڵی پەرەپێدان و بەرەوپێشچوونی ستراتیژ و ڕێگاکانی وانە وتنەوە و بەرنامەکانی ڕاهێنان و فێرکردندان بە مەبەستی زیاتر خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، لە هەرێمی کوردستانیش بە بایەخەوە دەڕوانرێتە گۆڕانکارییە پەروەردەیی و فێرکارییەکان لەلایەن شارەزایان و پەروەردەکاران، بە تایبەتی کە دەبینین چەندین کۆنفرانس و وۆرکشۆپ و سیمیناری تایبەت لەو بارەیەوە ئەنجامدراوە، بە مەبەستی باشترکردنی توانای مامۆستایان و فێرخوازان لە ناوەندەکانی خوێندن. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا دەبینین ئاستی دەستکەوتی خوێندن ڕوو لە دابەزین و کەم بوونە و لە ئاست داخوازییەکانی فێرخوازان و مامۆستاکاندا نییە، ئەوەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێگا و شێوازە نەریتی و تەقلیدییانەی مامۆستایان لە کاتی وانەوتنەوەدا پشتی پێدەبەستن، لەبەرئەوە بەکارهێنانی ئەو ڕێگایانە لەسەر بنەمای لەبەرکردنی زانیارییەکانە بەبێ تێگەیشتن، ئەوەش هۆکارێکی سەرەکییە لە دابەزینی ئاستی دەستکەوت لای فێرخوازان.

(سلامة وآخرون، ٢٠٠٩) نزمی ئاستی دەستکەوت لای فێرخوازان دەخەنە ئەستۆی مامۆستایان، کە زۆرجار شێوازی لاسایی بەکاردەهێنن لە وانەوتنەوەدا و بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە وانەبێژی (ڕوونکردنەوە) دەبەستن، لەپێدانی زۆرترین زانیاری بە فێرخواز بەبێ گوێدان بە حەز و ئارەزووەکانیان، ئەمەش وای لە فێرخواز کردووە ڕۆڵی نەرێنی هەبێت، بۆیە پێدانی زانیاری زۆر بە بێ لەبەرچاو گرتنی توانا و پێویستییەکانی فێرخوازەکان دەبێتە هۆی دوور کەوتنەوە لە وانەکان و وەڕز و بێزاری دەکات (سلامة وآخرون، ٢٠٠٩: ١٤٦-١٤٧) دەرئەنجامی زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو ئەوەیان سەلماندووە کە بەکارهێنانی بەرنامە فێرکارییە جۆراوجۆرەکان پشت بەست بە ستراتیژییە نوێیەکانی وانەوتنەوە کاریگەری ئەرێنیان هەبووە لەسەر ئاستی دەستکەوتی فێرخوازان وەک لێکۆڵینەوەی (الکاظمي، 2018) و (عارف، 2014) و (بابان، 2012) و (عبدالرزاق، 2020)، بەڵام ئەو توێژینەوانەی کە ستراتیژی فێرکردنی جیاکاریان بەکارهێناوە نەچونەتە باری بەراوردکردن لەنێوان ئەو ستراتیژییانە بە تایبەت لە ئامادەکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری بە مەبەستی دیاریکردنی شیاوی و گونجاوترین جۆر یان فێربوون لە بابەتەکانی خوێندن لە ئاستی ئامادەیی و بە تایبەت لە بابەتی جوگرافیا.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بەپێی چاوپێکەوتنێکی توێژەر لەگەڵ ژمارەیەک لە مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا زۆرینەی مامۆستایان هاوڕابوون لەسەر ئەوەی ئاستی دەستکەوتی فێرخوازان ڕوو لە دابەزینە لە بابەتی جوگرافیا، بەهۆی ئەوەی ئەوڕێگایانەی لە وانەوتنەوە بەکاردەهێنرێن ڕێگای نەریتین و ڕۆڵی فێرخواز تێیدا نێگەتیڤە، لەگەڵ ئەوەی جوگرافیا یەکێکە لەو بابەتانەی ناوەڕۆکەکەی دەوڵەمەندە بە چالاکی پراکتیکی و وێنەیی و نەخشە و هێڵکاری، هۆکاری ئەوەشیان گەڕاندەوە بۆ ئەوەی زۆرینەی مامۆستایان دەرچووی کۆلیج و پەیمانگا نا پەروەردەییەکانن، بەو هۆیەوە لە وانەوتنەوەدا پشت بە ئەزموونی کەسانی تر یان لاساییکردنەوەی کەسانی تر دەبەستن. ئەمەش لە پرۆسەی وانەوتنەوەی بە کێشەیەکی زانستی و پەروەردەیی دادەنرێت کە شایانی هەڵوێستە لەسەر کردن و چارەسەرکردنە، بە پشتبەستن بەو پێشەکییەکەی پێشوو دەتوانرێت کێشەی توێژینەوەکە لەم پرسیارەی خوارەوەدا دەستنیشان بکرێت: ئایا کارایی بەرنامەیەکی فێرکاری پشت بەست بە (٣) ستراتیژی جیاواز لە ستراتیژییەکانی فێرکردنی جیاکاری چیە؟ لەسەر دەستکەوتی فێرخوازانی قۆناغی دەیەمی وێژەیی لە بابەتی جوگرافیا و کامیان کاریگەرترە؟

**١-٢: گرنگی توێژینەوە**

توێژینەوەکە وەڵامێکە بۆ ڕەوت و ئاراستە نێودەوڵەتییەکانی ئەم دواییە کە جەخت دەکەنە سەر بەرنامەی فێرکاری، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت ئاستی زانستی فێرخوازان بەرز بکرێتەوە لە ڕێگەی پەرەپێدانی تێگەیشتنیان و گرنگیدان بە ماددە فێرکارییەکان، بۆ ئەمەش پێویستە گرنگی بە ڕێگا و شێواز و ستراتیژییە مۆدێرنەکانی وانەوتنەوە بدرێت کە گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان زیاد دەکات و فێرخواز هاندەدەن و دەرفەتیان بۆ دەرەخسێنن کە ئامراز و کەرەستەی فێرکاری بەکاربهێنن، شێوازێکی سەرەکیشە لە بەرهەمهێنانی فێربووندا. (عبيد، 2001: 24)

ستراتیژی فێرکردنی جیاکاری لەو ستراتیژانەیە کە کەشێکی فێرکاری گونجاو بۆ هەموو فێرخوازان دابین دەکات، چونکە لەسەر بنەمای هەمەچەشنکردنی ڕێگا و ڕێکار و چالاکییەکان دامەزراوە، ئەمەش وا دەکات خوێندکار بتوانێت ئامانجە خوازراوەکان بەو ڕێگا و ئامراز و چالاکییە بگات کە لەگەڵ خۆیدا بگونجێت.(عطية، 2009: 324)

خوێندنی بابەتی جوگرافیا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە وەک وەسفکردنی دیاردە سروشتی و مرۆییەکان و تیشک خستنە سەر تایبەتمەندییەکانیان و ئەو پەیوەندیانەی کە بەیەکەوەیان دەبەستنەوە و کاریگەرییە هاوبەشەکانی نێوانیان کە لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا دەردەکەوێت. (الاسدي و المسعودي، ٢٠١٥: ٢٦)، وەک زانستێک و بابەتێکی خوێندن، بەدواداچوون بۆ ئەو پەیوەندییە دەکات کە لەنێوان مرۆڤ و ئەو ژینگەیەدا هەیە کە تێیدا دەژین و کاریگەری لەسەر دروست دەکات و کاریگەری هەیە لەسەری. (الطيطي، 2008: 28)

**گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم چەند لایەنەی خوارەوەدا دەردەکەوێت**

١-٢-١: ڕوونکردنەوەی کاریگەری وانەوتنەوە بە سوود وەرگرتن لە ستراتیژی فێرکردنی جیاکاری لەسەر دەستکەوتی فێرخوازانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لە بابەتی جوگرافیا بۆ بەرپرسانی پرۆسەی پەروەردە لە قۆناغی ئامادەیدا.

١-٢-٢: سوودی هەیە بۆ مامۆستایان و وانەبێژان بۆ دارشتنەوەی وانەکانیان بەپێی بەرنامە فێرکارییەکان و ستراتیژییەکانی فێرکردنی جیاکاری.

١-٢-٣: هەوڵێکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی فێرخوازانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لە بابەتی جوگرافیا لە ڕێگەی شێوازی وانەوتنەوە هاوچەرخەکان جیاواز لە شێوازە تەقلیدیەکان.

١-٢-٤: هاوکاریکردنی ئەو کەسانەی بەرپرسن لە دروستکردن و دارشتنی پرۆگرامەکانی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردە بۆ دارشتنی پلانی داهاتوو کە هاوکاربن لە باشترکردنی وانەوتنەوەکانی جوگرافیا لە قۆناغی ئامادەییدا.

١-٢-٥: توێژینەوەکە سوودبەخشە بۆ مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا بۆ ئاشنابوون بە پێداویستییەکانی فێرخواز و چۆنێتی بەدیهێنانی لەڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامەکەوە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**١-٣: ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

**ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:**

١-٣-١: ئامادەکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری پشت بەست بە هەر یەک لە ستراتیژییەکانی فێرکردنی جیاکاری (TPS، جیکسۆ و چالاکی پلەداری) بۆ وتنەوەی بابەتی جوگرافیای پۆلی دەیەمی وێژەیی.

١-٣-٢: تاقیکردنەوەی کاریگەری ئەو بەرنامەیە کە بە هەریەک لەو ستراتیژانە ئامادەکراوە لەسەر دەستکەوتی فێرخوازانی پۆلی دەیەمی وێژەیی بە بەراوەد لەگەڵ ڕێگا ئاساییەکە بۆ وتنەوەی هەمان بابەت.

١-٣-٣: بزانینی قەبارەی کاریگەری بەرنامە فێرکارییەکە لەسەر بنەمای ستراتیژییەکانی فێرکردنی جیاکاری لەسەر دەستکەوتی فێرخوازانی پۆلی دەیەمی وێژەیی.

**١-٤: گریمانەکانی توێژینەوەکە**

**توێژەر لەم توێژینەوەیە لە هەوڵی پشتڕاستکردنەوەی ئەم گریمانانەی خوارەوەدایە:**

١-٤-١: جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی فێرخوازانی گروپی ئەزموونی یەکەم، کە وانەکان بە بەرنامەی پێشنیازکراو بە ستراتیژی فێرکردنی جیاکاری (TPS) دەخوێنن و فێرخوازانی گروپی کۆنترۆڵکراو وانەکە بە ڕێگەی ئاسایی دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتدا.

١-٤-٢: جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی فێرخوازانی گروپی ئەزموونی دووەم، کە وانەکان بە بەرنامەی پێشنیازکراو بە ستراتیژی فێرکردنی جیاکاری (جیکسۆ) دەخوێنن و فێرخوازانی گروپی کۆنترۆڵکراو وانەکە بە ڕێگەی ئاسایی دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتدا.

١-٤-٣: جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی فێرخوازانی گروپی ئەزموونی یەکەم، کە وانەکان بە بەرنامەی پێشنیازکراو بە ستراتیژی فێرکردنی جیاکاری (چالاکی پلەداری) دەخوێنن و فێرخوازانی گروپی کۆنترۆڵکراو وانەکە بە ڕێگەی ئاسایی دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتدا.

**١-٤: سنوری توێژینەوە**

**توێژینەوەکە سنوردارە بە:**

١-٥-١: سنوری بابەتی: بەرنامەیەکی فێرکاری پشت بەست بە (٣) ستراتیژی جیاواز لە ستراتیژییەکانی فێرکردنی جیاکاری، کە بریتین لە: بەشەکانی (١، ٢، ٣، ٤) لە بابەتی جوگرافیای پۆلی دەیەمی وێژەیی، لە پەرتوکی جوگرافیا چاپی (٢٠١٩).

١-٥-٢: سنوری شوێن: خوێندنگەی (دکتۆر عیزەدین مصطفی ڕەسوڵ)

١-٥-٣: سنوری مرۆیی: فێرخوازانی پۆلی دەیەمی وێژەیی.

١-٥-٤: سنوری کات: وەرزی یەکەم، ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣) زاینی.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**١-٦: پێناسەی زاراوەکان**

**١-٦-١: بەرنامەی فێرکاری**

(السامرائي، 1988) لە پێناسەی بەرنامەی فێرکاریدا دەڵێت: "بریتییە لە ڕێکخستنێکی تەواوکاری لە زانیاری و کارامەیی بیرکردنەوە و پرۆسەکانی ڕێنمویی کردن و شارەزابوون بە بەکارهێنانی هۆکار و ڕێگای گونجاو بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان". (السامرائي، 1988: 13)

(صبري، 2003): "کۆمەڵێک ڕێکار و هەنگاو و ڕێنمایی و ڕێسای تایبەتە بۆ گەیاندنی ئەزموونێکی دیاریکراوی فێرکاری پەروەردەیی بۆ تاک یان گروپێک لە یەک شوێندا یان لە شوێنی جیاوازدا لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان". (صبري، 2003: 152)
پێناسەی ڕێکاری بۆ بەرنامەی فێرکاری: سیستمێکە لە کۆمەڵێک هەنگاو و بنەما و ڕێکار و چالاکی فێرکاری لەسەر بنەمای ستراتیژی فێرکردنی جیاکاری ئامادە دەکرێت، بە ئامانجی کاراکردنی ڕۆڵی فێرخوازانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لەسەر دەستکەوتی خوێندن بە پێی ناوەڕۆکی بابەتە دیاریکراوەکانی بابەتی جوگرافیا.

**١-٦-٢: فێرکردنی جیاکاری**

(عبيدات وأبو السميد، 2007) لە پێناسەی فێرکردنی جیاکاری دەڵێن:" فێرکردنێکە ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی سەرجەم فێرخوازانە، نەک تەنها ئەوانەی لە دەستکەوتدا ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە، ئەوش بە ئامانجی زیادکردنی توانا و ئەدای کارکردنیان". (عبيدات و أبو السميد، 2007: 117)

(کوجک و آخرون، ٢٠٠٨): بە واتای زانینی جیاوازی و هەمەچەشنی پاشخانی زانیارییەکانی فێرخوازان و ئامادەییان بۆ فێربوون و ئەو بابەتەی بە باشی دەزانن فێری ببن. هەروەها زانینی مەیل و ئارەزوو و شێوازی فێربوون و جۆرەکانی زیرەکییان، دواتر مامۆستا بە چەندین شێوە کاردەکات و ناوەڕۆکی بابەتەکان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم گۆڕاوانە پێشکەشدەکات. (کوجك و آخرون، 2008: 25).

پێناسەی ڕێککاری بۆ فێرکردنی جیاکاری: ئەو جۆرە فێرکردنەیە کە جەختدەکاتەوە لەسەر ڕۆڵی فێرخوازان لە فێربوونیاندا بە پێی هەر یەک لە ستراتیژییەکانی فێرکردنی جیاکاری (TPS، وێنەپێچراوەکان، چالاکی پلەداری) کە ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتیان دەکات بە مەبەستی دیاریکردنی کاریگەرییان لەسەر دەستکەوتیان لە بابەتی جوگرافیادا.

**١-٦-٣: دەستکەوتی خوێندن**

لە ڕووی زمانەوانییەوە: "بە واتای بەدەستهێنان و خاوەندارێکردنی شتێک دێت، ئەویش کۆکردنەوەی زانستە".البستاني، 1995: 495)

(زيتون، ٢٠٠١): "بریتییە لەو نمرەیەی فێرخواز لە ئەنجامی فێرکردنەوە، لە دوای تێپەڕبوونی بە شارەزایی و خوێندنی بابەتێکی دیاری کراودا بەدەستی هێناوە، واتە تا چەند فێرخوازەکە هەنگاوی ناوە بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو". (زيتون، 2001: 479)

پێناسەی ڕێککاری بۆ دەستکەوت: بریتییە لەو نمرەیەی فێرخوازانی هەریەک لە چوار گروپەکەی تاقیکردنەوەکە بەسەریاندا پراکتیزەکرا پاش تەواو بوونی ماوەی توێژینەوەکە لە بابەتی جوگرافیا.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

## بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

### ٢-١: دەروازەیەک دەربارەی فێرکردنی جیاکاری

(کوجك و آخرون، 2008) ئاماژەیان بەوە داوە فێرکردنی جیاکاری بە ڕەوتێکی نوێی ئەم دواییە لە پەروەردەدا نازانرێت، بەڵکو کەڵەکەبوونی ئەو زانیاری و ئەزموونانەیە کە بەدرێژایی چەندین ساڵ سوودیان سەلمێنراوە، هەروەها درێژکراوەی ئەو فەلسەفە پەروەردەییانەیە کە فێربوون وەک تەوەری پرۆسەی فێرکردن و فێربوون دەبینن، کە تێیدا مامۆستا پلانەکانی وانەوتنەوە لەسەر بنەمای پێداویستییەکانی فێرخواز دادەنێت، واتە پێداویستییەکانی فێرخواز فێرکردن بەرەو پێشەوە دەبات.

بیرمەندە دێرینەکان لە نووسینەکانیاندا لە نێو ئەندامانی گروپەکانیاندا دانیان بەم چەمکەدا ناوە و لەنێو ئەمانەشدا "ئەفلاتون" و "ئەرستۆ"ی فەیلەسوفەکانی ڕۆژئاوا هەیە و لە نێو فەیلەسوفە موسڵمانەکاندا "الغزالی"، "ئیبن سینا" و "ئیبن خەلدون" هەیە کە لە نووسینەکانیاندا سەرنجیان لەسەری داوە. (کوجک و آخرون، 2008: 25)

(الحليسي، 2011) باسی لەوە کردووە سەرەڕای سەرهەڵدان و دەرکەوتنی چەمکی فێرکردنی جیاکاری لە بواری وانەوتنەوەدا، بەڵام فێرکردنی جیاکاری لە بواری پەروەردە و فێرکردندا بە دیاردەیەکی نوێ نازانرێت، چەند نوسینێکی تایبەت بە پەروەردەی میسری و یۆنانییە کۆنەکانی دۆزیوەتەوە، کە باس لە گرنگیدان بەو فێرکردنە دەکەن پێداویستییە جیاوازەکانی فێرخوازان دابین بکات. (الحليسي، 2011: 50)

هەروەها (لطفي، 2013) لە لێکۆڵینەوەکەیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە فێرکردنی جیاکاری بیرۆکەیەکی تەواو مۆدێرن نییە، بەڵکو فۆرم و دەرکەوتنی خۆی هەیە کە نزیکەی سی ساڵە بوونی هەیە، بەڵام فۆرمی ئێستای وەرنەگرتووە. (لطفي، 2013: 15)

فێرکردنی جیاکاری ئەو فەلسەفەی وانەوتنەوەیە کە ئاراستە دەکرێت بۆ یارمەتیدانی مامۆستا و ڕێکخستنی هەلومەرجی فێرکاری بەپێی ئەو جیاوازیانەی کە لەنێوان فێرخوازاندا هەیە لەڕووی ئارەزوو و شێوازی فێربوونیان و پاشخانی زانستییان، بە شێوەیەک کە دڵنیایی بدرێت لەوەی هەمووان ئاستێکی بەرز بەدەست دەهێنن لە گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان.

بێگومان فێرخوازان لە زۆر لایەن و لەژێر چەندین کاریگەری و فاکتەردا جیاوازن. سەرچاوەی ئەم جیاوازییانە دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سەرچاوەی وەک زانیارییەکانی پێشوویان و تایبەتمەندییەکانیان و حەزەکانیان و ژینگە و تواناکانیان، هەروەها ئەو ڕێگایانەی کە لە ڕێگایەوە فێردەبن.

(عطية، ٢٠٠٩) ئاماژەی بەوەدا کە دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان فێرکردنی جیاکاری و بنەمای جیاوازی تاکایەتی، "جیاوازی نێوان فێرکردنی جیاکاری و بنەمای جیاوازی تاکایەتی، سەرەڕای ئەوەی کە وا دیارە نزیکایەتی نێوانیان هەیە، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە کە مامۆستا، کاتێک جیاوازییەکانی نێوان تاکەکان لەبەرچاو بگرێت، بابەتەکە پێشکەش دەکات بە یەک شێوە واتە وەک یەک، بەڵام دەرئەنجامی فێربوونی جیاواز قبوڵ دەکات، یان بە واتایەکی تر، ڕەچاوی توانا و مەیلی فێرخوازەکان دەکات، بەڵام ناتوانێت هەموو فێرخوازەکان بگەنە هەمان ئەنجام یان دەرئەنجام، لە کاتێکدا بە فێرکردنی جیاکاری، هەوڵدەدات بە ئەرک و ڕێکاری جیاواز هەمان دەرەنجام بەدەست بهێنێت، واتە فێرکردنی یەک وانە بە هەموو فێرخوازەکان، بەڵام بە شێوە و پرۆسەی جیاواز، ئەمەش بەو مانایەیە کە فێرکردنی جیاکاری پێویستی بە گۆڕینی پرۆگرامی فێرکردن نییە، بەڵکو پێویستی بە هەمەچەشنکردنی شێوازەکانی جێبەجێکردنی ئەو پرۆگرامانە هەیە کە پرۆسەکانی وانەوتنەوە نوێنەرایەتی دەکات" (عطية، 2009: 326)

بە ڕای توێژەر فێرکردنی جیاکاری وەک ستراتیژێکی فێرکاری مۆدێرنە کە فێرخواز تێیدا سەنتەر بێت و ئەو جیاوازیانە لەبەرچاو بگرێت کە لە نێوان فێرخوازانی یەک پۆلدا هەیە. ئەم ستراتیژە کاردەکات بۆ دابینکردنی پێداویستی و ئارەزووە جیاوازەکانی فێرخوازان، وەک چۆن مامۆستا لەڕووی ئەو هەلومەرجەوە دەست پێدەکات کە فێرخوازەکە تێیدایە، فێرکردنی جیاکاری دەتوانێت شێوازی فێرکردنی جیاواز بەکار بهێنێت، وەک وانەوتنەوە بەپێی تیۆری فرە زیرەکی، وانەوتنەوە بەپێی شێوازی فێربوونی هەرەوەزی.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**٢-٢: بنەمای تیۆری فێرکردنی جیاکاری**

تیۆری بونیادگەرایی نوێنەرایەتی بنەمای تیۆری زۆربەی ستراتیژییەکانی فێرکردنی مۆدێرن دەکات. دەتوانین بڵێین فێرکردنی جیاکاری بە شێوەیەکی بەرچاو لەسەر ئەم تیۆرییە دامەزراوە، یەکێک لەو تیۆرە گرنگانەی کە فێرکردنی جیاکاری لەسەری بونیاد دەنرێت بریتییە لە تیۆری بونیادگەری کۆمەڵایەتی فێربوون، کە لە ڕێگەی دەروونناسێکی ڕووسی لیف ڤیگۆتسکییەوە (**Lev Vygotsky**) (١٨٩٦-١٩٣٤) سەریهەڵداوە. (حسین، ٢٠٠٩) ئاماژەی بەوە کردووە کە ڤیگۆتسکی پێی وایە ئەقڵی تاکەکان گەشە دەکات کاتێک ڕووبەڕووی ئەزموونی نوێ و ململانێ دەبنەوە، هەوڵدەدن بۆ چارەسەرکردنی ئەو ململانێیانەی کە ئەم ئەزموونانە دەیسەپێنن و لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنی تاکەکان لە زانیاری نوێ بە بەستنەوەی بە زانیارییەکانی پێشوویانەوە و مانایەکی نوێ دروست دەکەن یان پێکدەهێنن لە لایەنی فێربوونی کۆمەڵایەتییەوە.

ئەم تیۆرییە لەلایەن زۆرێک لە پەروەردەکاران و توێژەران و بەڕێوەبەری قوتابخانەکانەوە وەک ناوەندێک بۆ بەهێزکردنی وانەوتنەوە و گۆڕینی بنیاتنەرانە لە پۆلەکاندا پەیرەو کراوە، تیۆری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری فێربوون کە لەلایەن ڤیگۆتسکییەوە پەرەی پێدراوە، لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە پێی دەوترێت ناوچەی گەشەسەندنی نزیک (**Zone of Proximal Development**)، دەتوانین بڵێین کە لێکۆڵینەوەکانی ڤیگۆتسکی داوا لە مامۆستایان دەکات بەپێی ئاستی ئامادەیی و تواناکانیان وانە بە فێرخوازان بڵێنەوە. ڤیگۆتسکی هۆشداریدا لەوەی دانانی فێرخواز بەجۆرێک کە داوای ئەو کارەیان لێبکرێت کە ئامادەنین بۆی، ناتوانن فێربن لە کەسانی ترەوە، چونکە ئەزموونی فێرکردنی ئەوان لە بواری گەشەکردنی نزیکدا نییە.

فێرکردنی جیاکاری لە کارەکانی "جۆن دیوی" یەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بەرگری لەو بیرۆکەیە کردووە کە ئەو شێوازەی مامۆستا لە وانەوتنەوەدا پەیرەوی لێدەکات، دەبێت بگونجێت لەگەڵ پێداویستییەکانی فێرخوازان. دیوی سەرکەوتوو بوو لە گواستنەوەی سەرنج لە پەروەردەدا لە ڕێکخستنی ماددە پسپۆڕییەکانەوە بۆ فێرخوازان و ئارەزوو و مەبەست و پاڵنەرەکانیان. (الحليسي، 2011: 51-54).

لە ڕێگەی پێداچوونەوە بە گرنگترین تیۆرییەکانی پەیوەست بە فێرکردنی جیاکاری، دەتوانین لە کوالیتی و گشتگیری ئەم جۆرە فێرکردنە تێبگەین، کە جیاوازییەکانی فێرخوازان لەبەرچاو دەگرێت.

**٢-٣: هەنگاوەکانی ستراتیژی فێرکردنی جیاکاری**

(عطية، 2008)کۆمەڵێک هەنگاو هەیە کە پێویستە لە کاتی بەکارهێنانی فێرکردنی جیاکاریدا پەیرەو بکرێت، لە ڕێگەیانەوە دەتوانرێت فێرکردنی جیاکاری جێبەجێ بکرێت، بەم شێوەیە:

٢-٧-١: هەڵسەنگاندنی پێشەکی: هەنگاوی یەکەمە لە فێرکردنی جیاکاری بە ئامانجی دەستنیشانکردنی زانیارییەکانی پێشوو، توانا و بەهرە، حەز و تایبەتمەندی کەسی، شێوازی گونجاوی فێربوون و دەستنیشانکردنی پاشخانی کولتووری.
٢-٧-٢: پۆلێنکردنی فێرخوازان بۆ گروپ، لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامی هەڵسەنگاندنی پێشەکی بەپێی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئەندامانی هەر گروپێک.
٢-٧-٣: دیاریکردنی ئامانجەکانی فێربوون.
٢-٧-٤: هەڵبژاردنی کەرەستە و چالاکی فێرکردن و سەرچاوەی فێربوون و ئامرازەکانی فێرکردن.
٢-٧-٥: ڕێکخستنی ژینگەی فێرکردن بەشێوەیەک کە وەڵامدەرەوەی هەموو گروپەکان بێت.
٢-٧-٦: هەڵبژاردنی ستراتیژی فێرکردن گونجاو بۆ فێرخوازان یان گروپەکان.
٢-٧-٧: دیاریکردنی چالاکییەکان بۆ هەر گروپێک.
٢-٧-٨: ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن دوای جێبەجێکردن بۆ پێوانەکردنی دەرئەنجامەکانی فێربوون. (عطية، 2008: 328)



DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

## بەشی سێیەم: (ڕێکارەکانی توێژینەوەکە)

لەم بەشـــەدا توێژەر بە پێی ڕیزبەندی جێبەجێکردنیان ئەو ڕێکارییانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا پەیڕەو کراون، کە بریتین لە دیزاینی بەرنامە فێرکارییەکە و میتۆد، کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەکە، ئامرازەکانی دەسـتکەوت و هەنگاوەکانی جێبەجێ کردن و ئەو هاوکێشە ئامارییانەی بەکاری هێناوە، دەگرێتەخۆ بەم شێوەیەی خوارەوە:

### ٣-١: قۆناغی ئامادەکردنی دیزاینی بەرنامە فێرکارییەکە:

دوای پێداچوونەوە بە سەرچاوە و توێژینەوەکانی پێشوو کە تێیدا دیزاینە فێرکارییەکان بەپێی شێوازەکانی فرە ستراتیژی بونیاد نراون و کاریگەری ئەرێنییان هەبووە دوای ئەزموونکردنیان لەسەر گۆڕاوە جیاوازەکان، توێژەر پشتی بە دیزاینی **(ADDIE)** لە دروستکردنی دیزاینەکە بەستووە کە لەسەر پێنج قۆناغ دامەزراوە جگە لە قۆناغی فیدباک بەم شێوەیە:




### ٣-١-١: قۆناغی شیکردنەوە (Analysis Stage)

ئەم قۆناغە بە بەردی بناغەی هەموو قۆناغەکانی تری دیزاینی فێرکاری دادەنرێت، بەو پێیەی ئەو ڕێگا و پێداویســتییە سەرەتاییانەی کە لە دروستکردنی دیزاینەکەدا پەیڕەو دەکرێن دەستنیشان دەکرێن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**1. دیاری کردنی ئامانجەکان**

- **دیاریکردنی ئامانجە فێرکارییەکان**

ئەم هەنگاوە یەکێکە لە هەنگاوە بنچینەییەکانی پرۆســەی دروســتکردنی دیزاینی فێرکاری و لە ڕوانگەی ئەمەشــەوە ئامانجە گشـتییەکانی فێرکردنی جوگرافیا لە قۆناغی ئامادەییدا دەسـتنیشـانکراون، ئەم ئامانجانە بۆ سـێ جۆری سـەرەکی پۆلین کراون، لەوانە: (ئامانجی زانەکی، سۆزداری، دەروون جوڵەیی).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**دیاریکردنی ئامانجە ڕەفتارییەکان**

توێژەر پشت بەست بە ئامانجی گشتی و بنەمای بابەتی جوگرافیای پۆلی دەیەمی وێژەیی ئامانجە فێرکارییەکانی بەرنامەکەی دارشت، کە (١٣٣) ئامانجە بۆ هەرسێ بواری زانەکی (٤٦) ئامانج، سۆزداری (٤٨) ئامانج و دەرون جوڵەیی (٣٩) ئامانجی لەخۆ گرتبوو.

پاشان پشت بەست بە ئامانجە فێرکارییەکان ئامانجە ڕەفتارییەکان بەپێی پۆلێنی بلوم بە شێوەی سەرەتایی دارێژران کە ژمارەیان (٩٤) ئامانجی ڕەفتارییە.

**٢- دیاریکردنی ناوەرۆک**

توێژەر بە پێی توانا و ئەوکاتەی لە بەردەستیدا بوو (4) بەشی لە ناوەرۆکی کتێبی جوگرافیای پۆلی دەیەمی وێژەیی بۆ ساڵی خوێندنی (2022-2023) وەک ناوەرۆکی بەرنامە فێرکارییەکە بەپێی ستراتیژییە پێشنیار کراوەکان دەستنیشان کرد، وەک لە خشتەی (٣-١)دا هاتووە.

**خشتەی (٣-١) ناوەرۆکی بابەتی بەرنامە فێرکارییەکە ڕوون دەکاتەوە**

| بەش | ناونیشان | ژ. لاپەرە |
|---|---|---|
| یەکەم | جوگرافیا و هۆیەکانی ڕوونکردنەوەی زانیارییەکان | ٣ - ١٠ |
| دووەم | پێشەکییەک دەربارەی نەخشە | ١١ – ٤٠ |
| سێیەم | دیاردە سروشتییەکانی سەر ڕووی زەوی | ٤١ - ٧٢ |
| چوارەم | بەرگی زیندەوەری (ژیانی سروشتی وشکانی و کشتوکاڵی) | ٧٣-٩٠ |

**٣- دیاریکردنی ژینگەی فێرکاری**

ئەو ژینگەیەی کە پرۆسەی فێربوون و فێرکردن تێیدا ڕوودەدات، کاریگەری لەسەر ئەدای فێربوونی فێرخواز دەبێت، بۆیە پێویستە بە وردی سروشتی ئەو ژینگەیە دەستنیشان بکرێت و هەڵبسەنگێندرێت کە فێرخوازان چالاکییەکانی فێربوونی تێدا پراکتیزە دەکەن، بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ژینگە فێرکارییەی کە بەرنامە فێرکارییەکەی تیادا جێبەجێ دەکرێت، توێژەر هەستا بە سەردانکردنی هۆڵەکانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لە خوێندنگەی ئامادەیی عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، بۆ بینینی بەردەستبوونی کەرەستەی پێویست بۆ فێرکردنی ناوەرۆکی جوگرافیای پۆلی دەیەم، لە ئەنجامدا ئەمانەی خوارەوە دۆزرایەوە:

- پانتایی هۆڵەکانی خوێندن لەگەڵ ژمارەی فێرخوازان گو نجاوبوون، هەروەها کەرەستەی پێویست لەبەردەست بوو لەوانە: وایت بۆرد، داتاشۆ، کورسی بۆ هەرفێرخوازێک و هێڵی ئینتەرنێت.
- هەفتانە دوو وانە دەخوێندرا بۆ هەر گرووپێک.
- یەک کتێبخانە لە خوێندنگەکەدا هەیە کە سەرچاوە و ئامازەی جۆراوجۆری تێدایە تایبەت بە جوگرافیا و پەروەردە بە زمانەکانی عەرەبی و کوردی.

**٤- دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی فێرخوازان**

بەمەبەستی دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی فێرخوازانی پۆلی دەیەمی وێژەیی، بەم هەنگاوانەی خوارەوە گیرانە بەر:

- دەستنیشانکردنی زانیارییەکانی پێشووی فێرخوازانی نمونەی توێژینەوەکە لە ڕێگەی پرسیارەکانی توێژەرەوە بۆ فێرخوازان سەبارەت بە ئاستیان لە بابەتی جوگرافیا و ڕادەی خۆشەویستییان بۆی.
- توێژەر دوای گەڕان بە کتێبەکانی پۆلی حەوتەم تا پۆلی دەیەم، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەوانەوە بتوانێت زانیارییە جوگرافییەکانی پێشووی فێرخوازان دەستنیشان بکات، هەروەها بۆ ئەوەی بزانێت چی دووبارە دەبێتەوە و چی تازەیە بۆیان.
- دوای وەرگرتنی زانیارییەکانیان لە تۆماری خوێندنگەکە، دەرکەوت فێرخوازانی پۆلی دەیەمی وێژەیی تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (١٥-١٦) ساڵی.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**٥- دیاریکردنی پێداویستییەکانی فێرخوازان**

بە مەبەستی دەستنیشانکردنی پێداویستی فێرخوازانی پۆلی دەیەمی وێژەیی، توێژەر فۆرمێکی ڕاپرسی ئاراستەی فێرخوازانی نمونەی توێژینەوەکە کرد لە خوێندنگەی عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، لەڕێگەی شیکردنەوەی وەڵامی ڕاپرسەکە لە ڕوانگەی فێرخوازانەوە، ئەم پێویستیانەی خوارەوە لە بەرنامەکەدا دەستنیشانکران:

- دابینکردنی چالاکی و هەڵبژاردنی ئامرازی فێرکردنی پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.
- بواردان بە فێرخوازەکان بۆ دەربڕینی ڕاو بۆچوونەکانیان لەسەر بابەتەکان.
- پیشاندانی وێنە و فیلمی جوڵاو لە ڕێگەی داتاشۆوە بۆ فێرخوازان.
- ئەنجامدانی چالاکییەکانی وانەکە بە هەرەوەزی لە نێوان فێرخوازەکان.
- گفتوگۆی ئازادانە لەنێوان فێرخوازاندا.

**قۆناغی دیزاینکردن (Design Stage)**

ئەم قۆناغە بە بەشێک لە پلاندانان دادەنرێت، بە واتای داڕشتنی شێوە و پێکهاتەی توخمەکانی بەرنامە فێرکارییەکە و ڕێکخستن بۆ زنجیرەیەک هەنگاوی ڕێکاری، هەروەها بە واتای داڕشتنی پلانێکە بۆ جێبەجێکردنی ئەو کرداری وانەوتنەوەیەی کە مامۆستا ئەنجامی دەدات. (زیتون، ٢٠٠٥: ٣٧٢).

ئەم قۆناغەش کۆمەڵێک هەنگاو لەخۆ دەگرێت، لەوانە:

**١- دەستنیشانکردنی ئامانجە ڕەفتارییەکان**

دوای دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی ئامانجە فێرکارییەکانی بەرنامەکە، توێژەر بە پێی ڕیزبەندی ناوەڕۆکی فێرکاری جوگرافیای پۆلی دەیەمی وێژەیی بڕیارلێدراو لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، هەستا بە دیاریکردنی ئامانجە فێرکاری و ڕەفتارییەکانی بەرنامە فێرکارییەکە، بکە بەشێوەیەکی سەرەتایی لە (٩٤) ئامانجی ڕەفتاری پێکهاتووە.

**٢- دەستنیشانکردنی ناوەڕۆکی فێرکاری**

بە پشت بەستن بە ڕیزبەندی ناوەڕۆکی بابەتی جوگرافیا کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بڕیاری لەسەر دراوە، ناوەڕۆکی فێرکاری بەرنامەکە لە شێوەی (١٦) وانەی یەک لەدوای یەک دانرا، بە جۆرێک کە هەر وانەیەک چەند ئامانجێکی فێرکاریی و کۆمەڵێک ئامانجی ڕەفتاری لەخۆدەگرێت.

**٣- دەستنیشانکردنی پێداویستییە فێرکارییەکان**

- **دیاریکردنی ستراتیژیەکان**

ستراتیژ و ڕێگاکانی وانەوتنەوە ئامرازێکە بۆ کارلێکی نێوان خوێندکاران و مامۆستا، یان ئەو ڕێگەیەیە کە مامۆستا لە پێناو گەیشتن بەو زانیارییانەی لە پەرتوکی خوێندندا هاتووە دەیگرێتەبەر.(الحیلة، ١٩٩٩: ١٩).

دوای گەڕان بە سەرچاوەکان و توێژینەوەکانی پێشوو لەبارەی ستراتیژییەکانی فێرکردنی جیاکاری لە ئامادەکردنی بەرنامە فێرکارییەکە، هەریەک لە (ستراتیژیەکانی TPS، جیکسۆ، چالاکی پلەداری) دیاریکران بۆ فێربوونی بابەتی جوگرافیای پۆلی دەیەمی وێژەیی، بۆ هەریەکێک لە گروپە ئەزموونییەکان ستریتیجێک دەستنیشانکرا کە لە چوارچێوەی تیۆریدا ئاماژەی پێدراوە.

- **دیاریکردنی چالاکییە فێرکارییەکان**

چالاکییەکان ئەو بەرنامانەن کە لە چوارچێوەی دامەزراوەی فێرکارییدا ڕێکدەخرێن بۆ بەدیهێنانی تێکەڵکردنی بەرنامەی فێرکاری لەگەڵ پرۆگرام و بابەتی دیکەدا، بەمەش ئەزموونی خوێندکاران لەلایەنی جەستەیی و ئەقڵی و ویژدانییەوە پەرەی پێدەدرێت". (سعادة، ٢٠١١: ١٩)

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

دوای شیکردنەوەی پێداویستییە فێرکارییەکان لە قۆناغی شیکردنەوەی دیزاینی فێرکردن، کە بریتی بوو لە چالاکی و ئامراز و تەکنیکی فێرکاری مۆدێرن، بۆیە پێویست بوو چالاکییە فێرکارییەکان ئامادە بکرێن کە توێژەر پێی وایە یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی وانەکە، ئەوانیش بریتین لە:

- نمایشکردنی هەندێک فیلمی فێرکاری لەسەر بابەتی جوگرافی کە پەرە بە دەستکەوتی خوێندکاران دەدەن.
- پیشاندانی هەندێک بابەتی جوگرافی لە ڕێگەی ئامێری داتاشۆوە.
- ئامادەکردنی لاپەڕەی کار بۆ هەر گرووپێک بە پێی تایبەتمەندییەکانی ستراتیژییەکان و پلانی وانەکان.
- دانانی چەندین لینکی ئەلیکترۆنی لەسەر ناوەڕۆکی فێرکاری و وێنەی سەرنجراکێش بۆ زیاتر گەشەپێدانی توانای خوێندکارەکان.

♦ **دیاریکردنی پلانی وانەوتنەوە**

پلان دانان بریتییە لە کۆمەڵێک هەنگاوی یەک لە دوای یەکی پێش وەختە کە مامۆستا جێبەجێی دەکات، لە چالاکی جۆراوجۆر و شێوازی جیاجیای هەڵسەنگاندن لە پێناو بەدیهێنانی ئامانج و ڕەهەندەکانی وانە جۆراوجۆرەکان. (رسول، 2014: 69)

لە ژێر ڕۆشنایی ناوەڕۆکی بابەتی جوگرافیای پۆلی دەیەمی وێژەیی و ئامانجە ڕەفتارییەکان، توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە کە (١٦) پلان بوو بۆ هەریەک لە گرووپە ئەزموونییەکان بەپێی ستراتیژی فێرکردنی جیاکاری (TPS، جیکسۆ، چالاکی پلەداری) و گرووپی کۆنترۆڵکراو کە وانەکان بە ڕێگای ئاسایی دەخوێنن.

**٤- دیاریکردنی ئامرازی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە پێویستی بە ئامادەکردنی ئامرازێک هەبوو بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوە شوێنکەوتووەکە، کە بریتییە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی ئەکادیمی.

**- تاقیکردنەوەی دەستکەوت**

توێژینەوەکە پێویستی بە ئامادەکردنی تاقیکردنەوەیەکی دەستکەوت بۆ خوێندکارانی پۆلی دەیەمی وێژەیی هەبوو بۆ زانینی کاریگەری بەرنامە فێرکارییەکە لەسەر دەستکەوتی خوێندکاران، لە نێو تاقیکردنەوەی بابەتییەکان تاقیکردنەوەی هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک هەڵبژێردرا، دوای ڕاوێژکردن بە چەند پسپۆڕ و شارەزایەک لەو بوارەدا، لەبەرئەوەی باشترین جۆری تاقیکردنەوەی بابەتییە و توانای پێوانەکردنی زۆربەی ئاستە باڵا ئەقڵییەکان دەکات. (علام، 1997: 81)

توێژەر تاقیکردنەوەیەکی دەستکەوتی لەجۆری هەڵبژاردن ئامادەکرد کە پێهاتووە لە (٣٠) برگە بەپێی خشتەی تایبەتمەند، خشتەی (٣-٢).

**خشتەی (٣-٢) ژمارەی برگەی تاقیکردنەوەکە بەپێی خشتەی تایبەتمەند ڕوندەکاتەوە.**

| بەش | ژ. وانە | کێشی ناوەڕۆک | ژمارەی ئامانجە ڕەفتارییەکان بە پێی پۆلینی بلوم | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | یادکردنەوە ٪٠.٣٩ | تێگەیشتن ٪٠.٢٨ | جێبەجێکردن ٪٠.١٨ | شیکردنەوە ٪٠.١٥ | کۆی پرسیار |
| یەکەم | ١ | ٪٠.٠٦ | ١ | ١ | ٠ | ٠ | ٢ |
| دووەم | ٦ | ٪٣٨ | ٤ | ٣ | ٢ | ٢ | ١١ |
| سێیەم | ٥ | ٪٣١ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | ١٠ |
| چوارەم | ٤ | ٪٢٥ | ٣ | ٢ | ١ | ١ | ٧ |
| کۆ | ١٦ | ٪١٠٠ | ١٢ | ٩ | ٥ | ٤ | ٣٠ |
| ڕێژەی سەدی | | | ٪٤٠ | ٪٣٠ | ٪١٧ | ٪١٣ | ٪١٠٠ |


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**٣-١-٣: قۆناغی پەرەپێدان (Development Stage)**

لەم قۆناغەدا ئەو کەرەستە و ئامرازانەی لە قۆناغی دیزایندا ئاماژەیان پێکراوە، بەم شێوەیە پەرەیان پێدراوە:

**١- دارشتنی ئامانجە رەفتارییەکان**

ئەو ئامانجە فێرکاری و رەفتارییانەی کە لە قۆناغی دیزایندا ئامادەکران دابەشکران بەسەر ژمارەیەک لە پسپۆر لە بواری رێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانەو هەڵسەنگاندن بۆ دڵنیابوون لە رادەی پەسنی و گونجاوی لە لایەنی زانستی و زمانەوانییەوە، لەژێر رۆشنایی سەرنج و بۆچوونەکانیان (٤) لە برگەکان لابران و هەندێکیشیان هەموارکرانەوە، (٩٠) برگە رەزامەندییان بەدەستهێنا بە رێژەی (٨٨٪).

**٢- دارشتنی ناوەرۆکی فێرکاری**

دوای راوەرگرتنی شارەزایان و پسپۆرانی بابەتی جوگرافیا، توێژەر ناوەرۆکی فێرکاری بەرنامەکەی کە لە چوار بەشی سەرەتای کتێبی جوگرافیای پۆلی دەیەمی وێژەیی پێکهاتبوو، نمایشکرد بەسەر ژمارەیەک پسپۆری بواری رێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانەو هەڵسەنگاندن و پسپۆری بواری جوگرافیا، دوای سەرنج و تێبینییەکانیان (١٦) وانە لە بەرنامەکەدا جێگیرکرا، سەبارەت بە رادەی شیاوی و نەشیاوی وانەکان بەرێژەی (٩٠٪) بەرەو سەرەوە پەسەندکرا.

**٣- هەنگاوەکانی هەریەک لە ستراتیژییەکان**

دوای دیاریکردن و دەستنیشانکردنی ستراتیژییەکانی فێرکردنی جیاکاری کە پێکهاتبوو لە هەر سێ ستراتیژی (TPS، جیکسۆ، چالاکی پلەداریی) و هەنگاوەکانی جێبەجێکردنیان لە بەرنامە فێرکارییەکە، ستراتیژییەکان و رێگاکانی وانەوتنەوەکە خرایە بەردەست چەند پسپۆر و شارەزایەک لە بواری رێگای وانەوتنەوە و دەروونزانی کە ژمارەیان (٧) پسپۆر بوون، بۆ دڵنیا بوون لە شیاوی و گونجاوی و خستنەرووی سەرنج و تێبینییەکانیان، ئەوانیش بە تێکرا رەزامەندییان دەربری لەسەر ستراتیژییە پێشنیارکراوەکان بە رێژەی (١٠٠٪).

- **هەنگاوەکانی ستراتیژی TPS**

١. قۆناغی یەکەم: بیرکردنەوە بەتەنها: لێرەدا مامۆستا داوا لە قوتابی دەکات بە تەنها و بەبێ داواکردنی یارمەتی لە هاورێکانی بیر بکاتەوە بۆ ماوەی (١-٣) خولەک.
٢. قۆناغی دووەم: هاوبەش بە: لێرەدا مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات دوو دوو لە بەرامبەر یەک هاوبەش بن بۆ وەڵامدانەوەی هەمان پرسیاری پێشوو، بە راوێژ و گفتوگۆ لەسەر وەڵامەکانیان.
٣. قۆناغی سێیەم: بەشدار بە: لەم قۆناغەدا داوا لە هەر چوار قوتابیی دەکات پێکەوە گفتوگۆی وەڵامی پرسیارەکە بکەن و وەڵامێکی نمونەیی دابرێژن، ئەم هەنگاوەش (١-٣) خولەکی پێویستە، لە کۆتاییدا مامۆستا وەڵامی راست هەڵدەبژێرێت و گروپی براوە خەڵات دەکات.

- **هەنگاوەکانی ستراتیژی جیکسۆ**

لەم ستراتیژییەدا مامۆستا سەرەتا خوێندکارەکان دەکات بە گروپی (٥) کەسی بە پێی ئاستە جیاوازەکانیان، لە هەر گرپێک خوێندکارێک دەکرێتە سەرکردەی گروپەکە، دواتر دابەشکردنی بابەتی خوێندنەکە بەسەر چەند یەکەیەکی بچووک بەشێوەی پرسیار لەسەر کاغەز (کارتی ئیشکردن)، و دابەشکردنی پرسیارەکان بەسەر ئەندامەکانی گروپەکان بەبێ ئەوەی دووبارە ببێتەوە لای ئەندامەکانی تر.

مامۆستا داوا لە بەرپرسی هەر پرسیارێک دەکات گروپی شارەزا (پسپۆر) پێکبهێنن و لەنێوان خۆیاندا گفتوگۆی ئەو پرسیارە بکەن بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامێکی دیاریکراو، دواتر دوای دڵنیابوون لە ئەنجامی وەڵامی پرسیارەکان، گروپی شارەزا هەڵدەوشێنرێنەوە و ئەندامەکانی دەگەرێنەوە بۆ گروپی دایک و ئەو ئەنجامەی پێی گەیشتوون ئەندامەکانی تری گروپەکە فێردەکەن مامۆستا داوا لە نوێنەری هەر گروپێک دەکات وەڵامی پرسیارێک بدەنەوە، پاش گەیشتن بە ئەنجام دەستخۆشی لە گروپە سەرکەوتووەکان دەکات. لە کۆتایی وانەکەدا تاقیکردنەوەیەکی تاکی بە خوێندکارەکان ئەنجام دەدات وەک نمرەی گروپ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

♦ **هەنگاوەکانی ستراتیژی چالاکی پلەداری**

سەرەتا مامۆستا خوێندکارەکان دابەشدەکات بەسەر سێ کۆمەڵەی جیاوازدا (نزم – مامناوەند – بەرز) کە پێشتر دیاری کراون، دواتر لەسەر هەرسێ ئاستەکە لێهاتوویی خوێندکارەکان بۆ پەرەپێدانی ئەرکەکان بەپێی ئاستە جیاوزەکان پراکتیزە دەکرێت لە کاتی ئەنجامدانی چالاکییەکاندا لاپەڕەی هەڵسەنگاندن ئامادە دەکرێت بۆ پێوانەکردنی ئاستی خوێندکاران و گروپەکان، پاشان دانانی خوێندکار لەو چالاکییەدا کە هاوتا بێت لەگەڵ ئاستەکەی، یان سەرپشککردنی خوێندکار لە هەڵبژاردنی چالاکییەکاندا. ڕێنمایی کردنی خوێندکاران لەسەر چۆنییەتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیان، ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنێک لە کۆتایی هەر وانەیەکدا کە کۆمەڵێک چالاکی و پرسیار و ئەرک لەخۆدەگرێت کە یارمەتیان دەدات بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو پێشکەوتنانەی فێرخوازان بۆ گەیشتن بە ئامانجە فێرکارییەکان بەدەستیان هێناوە.

**٤- دەستنیشانکردنی چالاکییەکان**

لەبەر ئەوەی چالاکییەکان ڕۆڵی گەورە دەبینن لە گەیاندن و تێگەیشتن لە ناوەڕۆک زانیارییەکانی هەر ناوەڕۆکێکی فێرکاری توێژەر دوای دەستنیشانکردنی چالاکییەکان و هۆکارەفێرکارییەکان (بیستن، بینین، نوسین، پراکتیکی) کە لە قۆناغی دیزایندا دیاریکرا، توێژەر ئەو چالاکی و هۆکارە فێرکارییانەی کە ئامادەی کردبوو بۆ بابەتی جوگرافیای پۆلی دەیەمی وێژەیی بۆ بەرنامە فێرکارییەکە، دواتر نمایشی کرد بەسەر چەند پسپۆڕیکی جوگرافیا و ڕێگەی وانەوتنەوە دا کە ژمارەیان (٩) شارەزا بوون. ئەوانیش دوای هەموارکردنێکی کەم ڕەزامەندییان لەسەر شیاوی چالاکییەکان و هۆکارەکان دەربڕی کە گونجاون لەگەڵ بابەتەکە و ئاستی تەمەنی خوێندکارەکانی ئەو قۆناغە.

**5- پلاندانان بە پێی ستراتیژییەکان**

پلاندانان بە یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی ئامرازی وانەوتنەوەی سەرکەوتوو دادەنرێت، توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی (١٦) پلانی وانەوتنەوە بۆ بەرنامە فێرکارییەکە بەپێی هەرسێ ستراتیژییە فێرکارییە پێشنیارکراوەکان، بۆ گروپە ئەزموونییەکان و گروپی کۆنترۆڵکراو، بۆ بابەتەکانی جوگرافیای پۆلی دەیەمی وێژەیی کە بۆ ئەزموونەکە دیاریکردبوو لە ژێر ڕۆشنایی ناوەڕۆکە فێرکارییەکە و ئامانجە ڕەفتارییەکان، دواتر توێژەر (٣) پلانی نمونەیی لە هەر ستراتیژێک خستە بەردەم کۆمەڵێک پسپۆڕ و شارەزای بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانە وهەڵسەنگاندن و دەروونزانی کە ژمارەیان (٩) کەس بوون، بە مەبەستی وەرگرتنی ڕاوبۆچونیان لەسەر شیاوی و گونجاوی پلانەکان، پاشان لەژێر ڕۆشنایی تێبینییەکانیان توێژەر ڕاستکردنەوە و چاککردنی بۆ هەندێک لە بڕگەکان کرد و بەشێوەی کۆتایی ئامادەکرا.

**٦- ئامرازی توێژینەوەکە**

تاقیکردنەوەکان یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی پرۆسەی فێرکردن، بەو پێیەی پێوانەی ئەوە دەکات کە فێرخواز بەدەستی دەهێنێت لەڕووی زانیاری و کارامەیی و شێوازی بیرکردنەوە و توانای چارەسەرکردنی کێشەکانەوە لە ئەنجامی خوێندنی بابەتێکی دیاریکراودا، بۆیە گرنگیدان بە بنیاتنانی، هەنگاوێکی گرنگە، بەهۆی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پێکهاتەکانی تری پرۆسەی فێرکردن، ئەم تاقیکردنەوانە هەر جۆرێکیان بێت، هەر یەکێکیان ئامانج و ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە سیستەمی فێرکردندا. (ملحم، 2011: 205)

توێژەر بەمەبەستی دۆزینەوەی شیاوی و گونجاوی دووجۆر ڕاستی دەرهێنا، ئەوانیش:

**- ڕاستی ڕواڵەتی**

توێژەر دوای ئامادەکردنی تاقیکردنەوەکە بۆ ئاشکراکردنی کاریگەری بەرنامە فێرکارییەکە پشت بەست بە هەرسێ ستراتیژییە پێشنیارکراوەکە، بۆ دڵنیابوون لە ڕادەی شیاوی گونجاوی ئەو ئامانجەی پێویستە بەدی بهێنێت، هەستا بە نمایشکردنی بەسەر ژمارەیەک پسپۆڕی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانە و هەڵسەنگاندن کە ژمارەیان (١٣) پسپۆڕ بوون، ئەوانیش دوای سەرنج و تێبینییەکانیان هەندێک لە بڕگەکانیان هەموار کرد، بەڕێژەی (٨٥٪) بڕگەکانیان پەسەند کرد.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**- ڕاستی ناوەڕۆک**

واتە دڵنیابوون لەوەی کە بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە و پشکنینی ناوەڕۆکی تاقیکردنەوەکە بە مەبەستی دیاریکردنی ئەوەی کە تا چەند نوێنەرایەتی ئەو بابەتە دەکات کە بڕیارە بپێوریت. (عطیة، ٢٠٠٩: ٢٠٩)

بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر ناوەڕۆکی بابەتی خوێندنی جوگرافیا و خشتەی تایبەتمەندی و بڕگەکانی تاقیکردنەوەکەی بە پێی ئامانجە ڕەفتارییەکان دابەشکرد بەسەر ژمارەیەک لە پسپۆڕان و شارەزایانی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانەو هەڵسەنگاندن و مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا، بەمەبەستی ڕاستی ناوەڕۆکی خستەکە و گونجاوی بڕگەکانی لەگەڵ ئامانجە ڕەفتارییەکان و ئاستەکانیان و شیاوی لەلایەنی داڕشتن و زمانەوانییەو بەمەبەستی شیکردنەوەی ڕاوبۆچونی شارەزایان، ئەوانیش دوای وەرگرتنی سەرنج و تێبینییەکانیان و دەستکاریکردنی هەندێک بڕگە، ڕێکەوتن بە تێکڕای زیاتر (٨٠٪) ی ڕاستیان بەدەستهێنا و پێشنیاری لابردنی هیچ بڕگەیەک نەکرا، لەم بارەیەوە (نمر، ٢٠٠٨) ئاماژە بەوە دەکات ئەگەر ڕێژەی ڕاستی ناوەڕۆک لەلای هەڵسەنگێنەران بکەوێتە نێوان (٠.٨٠-٩٩.٠) ئەوا ڕستگۆییەکی بەرزی هەیە. (نمر، ٢٠٠٨: ٧٠)

**- جێگیری (الثبات)**

توێژەر بەمەبەستی دۆزینەوەی جێگیری تاقیکردنەوەی دەسکەوت شێوازی دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەی بەکار هێنا (**Test - Tetest**) لەسەر هەمان تاکەکانی نمونەی سەرەتایی، کە ژمارەیان (٥٠) فێرخوازبوون لە خوێندنگەی ئامادەیی خەرمانانی کچان، دوای ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١١/١٨ بۆ ٢٠٢٢/١٢/٣) لە هەمان بار و دۆخی پێشوو وەک جاری یەکەم، دواتر هەڵەچنی بۆ وەڵامەکان ئەنجامدرا و ئەنجامەکان خرانەڕوو، پاشان بە بەکارهێنانی هاوکێشەی هاو پەیوەستی ئاماری (پیرسۆن) (**Pearson Correlation Coefficint**) بۆ نمرەکانی فێرخوازەکان لە هەردوو ئەنجامدانەکەدا دەرهێنرا، بەهای نەگۆری (0.84) بوو.

**٣-١--٤: قۆناغی جێبەجێکردن**

**١. میتۆدی توێژینەوەکە**

توێژەر میتۆدی وەسفی بۆ دروستکردنی بەرنامە فێرکاریەکە و میتۆدی ئەزموونی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکە بەکارهێناوە، کە لەو میتۆدانەن لەگەڵ سروشت و تایبەتمەندییەکانی بەرنامەی فێرکاری و ئەزموونەکەدا دەگونجێن.

**٢. دیزاینی ئەزموونی**

بۆ ئەم مەبەستە توێژەر یەکێک لە دیزاینە ئەزموونییەکانی بەکارهێناوە، کە بریتییە لە دیزاینی چوار گروپی هاوتا لە تاقیکردنەوەی پاشەکی وەک یەکێک لە دیزاینی توێژینەوەی ئەزموونی بەوشێوەیەی کە لە خشتەی (٣-٣)دا خراوەتە ڕوو.

**خشتەی (٣-٣) دیزاینی ئەزموونی چوار گروپی توێژینەوەکە**

| گروپ | گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی شوێنکەوتوو | تاقیکردنەوەی پاشەکی |
|---|---|---|---|
| TPS | بەرنامەی فێرکاری پشت بەست بە ستراتیژی TPS | دەستکەوتی خوێندن | تاقیکردنەوەی دەستکەوت |
| جیکسۆ | بەرنامەی فێرکاری پشت بەست بە ستراتیژی جیکسۆ | | |
| چالاکی پلەداری | بەرنامەی فێرکاری پشت بەست بە ستراتیژی چالاکی پلەداری | | |
| کۆنترۆڵکراو | ڕێگای ئاسایی | | |


Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**٣. كۆمەڵگەی توێژینەوەكە**

كۆمەڵگەی توێژینەوەكە پێک دێت لە فێرخوازانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لە خوێندنگە ئامادەییەكانی شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣) زاینی.

**٤. نمونەی توێژینەوەكە**

نمونەی توێژینەوەكە پێکهاتبوو لە فێرخوازانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لە خوێندنگەی (دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) لە شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣) كە بەشێوەیەكی مەبەستدار دیاریكران و ژمارەی فێرخوازانی (١٠٠) فێرخوازە و دابەشكراون بەسەر چوار پۆلدا، سێ پۆلیان وەكو گروپی ئەزموونی بەشێوەیەكی هەڕەمەكی دیاریكران و پۆلی چوارەمیان وەكو گروپی كۆنترۆڵكراو دیاریكرا، هەرگروپێک (٢٥) فێرخوازی لەخۆگرتبوو.

**٥. هاوتاكردنی گروپەكان**

بە مەبەستی دڵنیابوون لە گروپەكان، توێژەر هەستا بە هاوتاكردنی هەرچوار گروپەكە لە گۆڕاوەكانی (تەمەن بەپێی مانگ، نمرەی دەستكەوتی ساڵی پێشوویان لە بابەتی زانستە كۆمەڵایەتییەكان، زیرەكی و زانیاری پێشوویان لە بابەتی جوگرافیا) پاشان بە بەكارهێنانی هاوكێشەی ئاماری (**One Way Anova**) ئەنجامەكان بەم شێوەیەی خوارەوە بوون كە لە خشتەی (٣-٤)دا هاتووە.

**آ- گۆڕاوی تەمەن بە پێی مانگ:** پاش وەرگرتنی بەرواری لەدایک بوونی خوێندكارانی قۆناغی دەیەمی وێژەیی لە خوێندنگەی ئامادەیی (دكتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) تەمەنیان بە مانگ ئەژماركراوە، بەپێی زانیارییەكانیان لە ناسنامەی باری شارستانیدا تا بەرواری (٢٠٢٢/٩/٢١) كاتی دەستپێكردنی ئەزموونی توێژینەوەكە، بۆ دڵنیابوون لە هاوتایی هەرچوار گروپەكان (ئەزموونی و كۆنترۆڵكراو) بە بەكارهێنانی هاوكێشەی ئاماری (**One way Anova**) ناوەندی دووجا و بەهای (**F**) ئەژماركراو دۆزرایەوە، وەک لە خشتەی (٣-٤) دا ڕوونكراوەتەوە.

**خشتەی (٣-٤)**

**ئەنجامی تاقیكردنەوەكە (Anova) بۆ گۆڕاوەی تەمەن كە بە مانگ بۆ خوێندكارانی نمونەی توێژینەوەكە هەژمار كراوە**

| سەرچاوەی جیاوازی | كۆی دووجاكان | نمرەی ئازاد | ناوەندی دووجاكان | بەهای (ف) | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بەهای هەژماركراو | بەهای خشتەیی | |
| نێوان گروپەكان | 134.920 | ٣ | 44.973 | 1.002 | 2.68 | 0.05 |
| لە ناو گروپەكان | 4309.04٠ | ٩٦ | 44.886 | | | |
| جیاوازی گشتی | 4443.960 | ٩٩ | | | | |

بەپێی زانیارییەكانی خشتەی (٣-٣) ڕوونكراوەتەوە كە بەهای هەژماركراوی (ف) یەكسانە بە (1.002) كە بچوكترە لە بەهای خشتەیی (2.68) لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) بە نمرەی ئازادی (٣) ی ئاسۆیی و (٩٦) ی ستوونی، واتە هیچ جیاوازیەک بەدی ناكرێت لە نێوان ناوەندی دووجاكانی تەمەنی خوێندكارانی گروپە ئەزموونیەكان و گروپی كۆنترۆڵكراو، لە ڕووی ئامارییەوە بەڵگەدار نیە واتە هەموو گروپەكان لەم گۆڕاوەدا هاوتان.

**ب- گۆڕاوی زیرەكی:** بۆ بەدیهێنانی هاوتایی لە نێوان گرووپە ئەزموونییەكان و كۆنترۆڵ كراو توێژەر هەستا بە بەكارهێنانی تاقیكردنەوەیەكی زیرەكی بە ناوی (**iq-test**)[1] بۆ زیرەكی ڕێكخرا، كە تاقیكردنەوەیەكی لە وێنەییە لە جۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەک، كە لە (٣٩) پەرەگراف پێكدێت، بە تێكرای ماوەی (٣٩) خولەک، پاشان بە بەكارهێنانی تاقیكردنەوەی (**One way Anova**)بەهای (**F**) و ناوەندی دووجا بۆ هەر چوار گرووپەكان دۆزرایەوە، پێویستە ئاماژە بەوە بكرێت كە دوای هەژمار كردنی كۆی نمرەی خوێندكارانی هەموو گروپەكان لە تاقیكردنەوەی زیرەكیدا، دەركەوت كە جیاوازییەكی ئاماری لە نێوان كۆی نمرەكانی ئەندامانی گروپەكاندا نیە، وەک لە خشتەی (٣-٥) خراوەتە ڕوو.

1. http://www.mensa.dk/iqtest


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص: 100-124 المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (8) – العدد (2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**خشتەی (٣-٥) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Anova) بۆ خوێندکارانی نمونەی توێژینەوەکە لە گۆڕاوەی زیرەکیدا**

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی دووجاکان | بەهای (ف) | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بەهای هەژمارکراو | بەهای خشتەیی | |
| نێوان گرووپەکان | 23.550 | ٣ | 7.850 | 0.212 | 2.68 | 0.05 |
| لە ناو گرووپەکان | 3549.040 | ٩٦ | 36.969 | | | |
| جیاوازی گشتی | 3572.590 | ٩٩ | | | | |

بەپێی زانیارییەکانی خشـــتەی (٣-٥) ڕوونکراوەتەوە کە بەهای هەژمارکراوی (ف) یەکســـانە بە (0.212) کە بچوکترە لە بەهای خشـــتەیی (2.68) لە ئاســـتی بەڵگەداری (0.05) بە نمرەی ئازادی (٣)، بۆیە هیچ جیاوازیەکی ئاماری بەدی ناکرێت لە نێوان ناوەندی دووجاکانی کۆی نمرەکانی خوێندکارانی هەر چوار گرووپەکە، لە ڕووی ئامارییەوە بەڵگەدار نییە واتە هەموو گروپەکان لەم گۆڕاوەدا هاوتان.

**ج- ئەزموونی پێشوو (تاقی کردنەوەی پێشەکی) کارامەیی بیرکردنەوەی جوگرافی:** توێژەر پێوەرەکانی کارامەیی بیرکردنەوەی جوگرافیای بۆ خوێندکارانی گروپی توێژینەوەکە بەکارهێنا. پاشـــان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (**One way Anova**)بەهای (**F**) و نـاوەنـدی دووجـا بۆ هـەر چوار گرووپەکـان دۆزرایەوە، دەرکەوت کە جیـاوازییەکی ئـامـاری لە نێوان کۆی نمرەکـانی ئەندامانی گروپەکاندا نیە، وەک لە خشتەی (٣-٥) خراوەتە ڕوو.

**خشتەی (٣-١٥) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Anova) بۆ نمرەی خوێندکارانی هەر چوار گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی بیرکردنەوەی جوگرافی پێشەکی.**

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی دووجاکان | بەهای (ف) | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بەهای هەژمارکراو | بەهای خشتەیی | |
| نێوان گرووپەکان | 13.950 | 3 | 4.650 | 1.385 | 2.68 | 0.05 |
| لە ناو گرووپەکان | 322.240 | 96 | 3.357 | | | |
| جیاوازی گشتی | 336.190 | 99 | | | | |

بەپێی زانیارییەکانی خشتەی (٣-١٥) دەردەکەوێت کە بەهای هەژمارکراوی (ف) یەکسانە بە (1.385) کە بچوکترە لە بەهای خشـــتەیی (2.68) لە ئاســـتی بەڵگەداری (0.05) بە نمرەی ئازادی (٣)، بۆیە هیچ جیاوازییەک بەدی ناکرێت لە نێوان ناوەندی دووجاکانی کۆی نمرەکانی خوێندکارانی گروپە ئەزموونیەکان و گروپی کۆنترۆڵکراو، لە ڕووی ئامارییەوە بەڵگەدار نییە واتە هەموو گروپەکان لەم گۆڕاوەدا هاوتان.

**د- کۆی نمرەکانی دەستکەوتی ئەکادیمی بۆ پۆلی نۆیەم:** بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی دەستکەوتی ئەندامانی گروپە ئەزموونیەکان و کۆنترۆڵ کراو و ڕادەی هـاوتـابوونیـان لەم گۆڕاوەدا، کۆی نمرەکـانیـان بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی هەژمـار کراوە، هەروەها بەکارهێنـانی تـاقیکردنەوەی (**One way Anova**) بەهای ئەژمـارکراوی (**F**) ) و نـاوەنـدی دووجـا بۆ هـەر چوار گرووپەکـان دۆزرایەوە، دەرکەوت کە جیـاوازییەکی ئـامـاری لە نێوان کۆی نمرەکـانی ئەنـدامـانی گروپەکـانـدا نیە، وەک لە خشـــتـەی (٣-٦) خراوەتە ڕوو.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:100-124
المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**خشتەی (٣-٦)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Anova) بۆ نمرەی کۆی گشتی گۆڕاوی خوێندکارانی نمونەی توێژینەوەکە لە پۆلی نۆی بنەڕەتی.**

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی دووجاکان | بەهای (ف) | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بەهای هەژمارکراو | بەهای خشتەیی | |
| نیوان گروپەکان | 42.430 | ٣ | 14.143 | 2.048 | 2.68 | 0.05 |
| لە ناو گروپەکان | 662.880 | ٩٦ | 6.905 | | | |
| جیاوازی گشتی | 705.310 | ٩٩ | | | | |

بەپێی زانیارییەکانی خشـــتەی (٣-٦) ڕوونکراوەتەوە کە بەهای هەژمارکراوی (ف) یەکســـانە بە (2.048) کە بچوکترە لە بەهای خشـــتەیی (2.68) لە ئاســـتی بەڵگەداری (0.05) بە نمرەی ئازادی (٣)، واتە هیچ جیاوازیەک بەدی ناکرێت لە نێوان ناوەندی دووجاکانی کۆی نمرەکانی خوێندکارانی گروپە ئەزموونیەکان و گروپی کۆنترۆڵکراو، لە ڕووی ئامارییەوە بەڵگەدار نیە واتە هەموو گروپەکان لەم گۆڕاوەدا هاوتان.

**پێنجەم: قۆناغی هەڵسەنگاندن**

(عبدالموجود، ١٩٩٦) هاوڕایە کە هەڵســـەنگاندن لە بەرنامەی فێرکاریدا پرۆســـەیەکە بۆ پێوانەکردنی ئەوەی فێرخواز تا چەند گەیشتووەتە ئامانجە فێرکارییە دیاریکراوەکان، بەو پێیەی هەڵسەنگاندن لە بەرنامەی فێرکردندا نوێنەرایەتی بەشێک لە سیستەمی فێرکردن دەکات، و بەشێکی تەواوکارە لەگەڵ باقی بەشـەکان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندییەکەی لەگەڵ ڕەهەندەکانی پلاندانان و جێبەجێکردن.(عبدالموجود، 1996: 163)

**أ- هەڵسەنگاندنی سەرەتایی**

توێژەر لە سەرەتای پرۆسەی فێرکردنەکەدا هەستا بە ئەنجامدانی ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە، بۆ ئەم مەبەستەش پشتی بەستووە بە تەمەنی فێرخوازان بە پێی سـاڵ و مانگ و دەسـتکەوتی سـاڵی پێشـوویان لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و تاقیکردنەوەی زیرەکی و تاقیکردنەوەی لێهاتوویی بیرکردنەوەی جوگرافی بۆ مەبەســتی هاوتابوون لە نێوان فێرخوازانی نمونەی توێژینەوەکە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو).

هەروەها هەستا بە دابەشکردنی ستراتیژییەکانی فێرکردنی جیاکاری بەسەر پسپۆڕ و شارەزای بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و جوگرافیا بە ئامانجی زانینی ڕاوبۆچونیان لەسەر توانای بەکارهێنانی ئەو ستراتیژیانە لە بونیادنانی بەرنامە فێرکارییەکە.

نمونەیەک لە بەرنامە فێرکارییەکە و پێوەرێک کە بەمەبەستی هەڵســەنگاندنی کۆتایی نمایشـکرا بەسـەر ژمارەیەک پسـپۆڕ و شـــارەزای بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و دەروونزانی و مامۆســـتایانی جوگرافی، بە ئامانجی دڵنیابوون لە گونجاوی بۆ قۆناغی ئەکادیمی و تەمەنی فێرخوازانی نمونەی توێژینەوەکە، هەروەها گونجاوی لەگەڵ ناوەرۆکی بابەتەکە و ئامانجی بەرنامەکە، لەدوای هەموارکردنەوەی هەندێک لە بڕگەکان بە بەکارهێنانی هاوکێشــەی فیشــەر بەهای ناوەندی شـیاو دۆزرایەوە کە دەکەوێتە نێوان (٢.٥ -٣).

**ب- هەڵسەنگاندنی پێکهێنان**

ئەم جۆرە هەڵســەنگاندنە هاوشــانی پرۆســەی فێرکردنە و هەر لەیەکەم هەنگاوی فێرکردنەوە تا کۆتایی کۆرس یان وەرزەکە بەردەوام دەبێت، توێژەر ئەم هەڵسەنگاندنەی بەمەبەستی بەدواچوون و چاودێریکردنی پرۆسەی فێرکردن ج لەسەر ئاستی تاک یان گشتی بەکار هێنا، بە مەبەستی دیاریکردنی یاستی ئەکادیمییان و هەر لاوازییەک و کەموکورتییەک کە لە دیزاینی بەرنامەکەدا هەبێت و چارەسەرکردنیان، هەروەها زانینی ڕادەی پێشکەوتنی فێرخوازان بەرەو گەیشتن بە ئامانجە فێرکارییە دیاریکراوەکان، ئەوەش لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی ڕۆژانە و مانگانە، هەروەها لاپەڕەی کارکردن بۆ هەر فێرخوازێک یان هەر گروپێک و ئەو گفتوگۆیەی کە لە نێوان ئەندامانی گروپەکاندا ڕوودەدات.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**ج- هەڵسەنگاندنی کۆتایی**

ئەو هەڵسەنگاندنەیە کە بەهۆیەوە توێژەر لە ڕادەی کاریگەریی بەرنامەفێرکارییەکە و ئەو ئامانجانەی کە لە بەرنامەی فێرکارییەکەدا بەدەست هاتوون لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی دەستکەوت دەستنیشانی کردووە.

بۆ ئەو مەبەستە تاقیکردنەوەی دەستکەوت لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٢/٥) بەشێوەی کۆتایی بەسەر گروپەکانی توێژینەوەکە (هەردوو گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراو) جێبەجێکرا، بە مەبەستی زانینی ئاستی کارایی بەنامە فێرکارییەکە و هەریەک لە ستراتیژییە دیاریکراوەکان لەسەر دەستکەوتی فێرخوازانی نمونەی توێژینەوەکە.

**٣-٦: هاوکێشەی ئاماری بەکارهێنراو**

٣-٦-١: هاوکێشەی ئاماری تاقیکردنەوەی **(One Way Anova)** بۆ گۆڕاوە سەربەخۆکان بە بەکارهێنانی بەرنامەی **(SPSS)**، بۆ دەرخستنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان.

2-6-3 هاوکێشەی ئاماری **(Eta-Square)** بەمەبەستی زانینی قەبارەی کاریگەری جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێرییەکانی نمرەی فێرخوازان. (عفانة، 2000: 45)

$$\eta^2 = \frac{t^2}{t^2 + df}$$

3-6-3: هاوکێشەی **(Percentage Relative Frequency)** بەکارهاتوو بۆ دەرهێنانی ڕێژەی سەدی ڕێکەوتنی پسپۆران و شارەزایان لەسەر پێکهێنانی بەرنامەکە. (البهرزي، 1989: 82)

ڕێژەی ڕێکەوتن = ژمارەی ڕەزامەندبوو / (ژمارەی ڕەزامەندبوو + ژمارەی ڕەزامەند نەبوو) × ١٠٠

٣-٦-٤: هاوکێشەی ئاماری **(Fisher)** بەکارهاتوو بۆ دەرهێنانی ناوەندی شیاوی وەڵامی پسپۆڕان لەسەر بڕگەکانی بەرنامەکە بەشێوەی کۆتایی. (صبری، ٢٠٠٦: ١٠٦)

ناوەندی شیاو= ((د١×٣) + (د٢×٢) + (د٣×١)) / کۆی دووبارەکان

٣-٦-٤: هاوکۆلکەی پەیوەستی پێرسۆن بۆ دۆزینەوەی جێگیری تاقیکردنەوەکە. (الجادری، ٢٠٠٨: ٢٤٧)

ر = (ن مج س ص – (مج س) (مج ص)) / √({ن مج س٢ - (مج س)٢} {ن (مج ص٢) – (مج ص)٢})

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – السـليمانية
ص:100-124
المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**بەشی چوارەم: خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و ڕاڤە و لێکدانەوەیان**

**٤-١: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

**ئامانجی توێژینەوەکە دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر**

**٤-١-١: ئەنجامی ئامانجی یەکەم/** بریتی بوو لە ئامادەکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری پشت بەست بە ستراتیژییەکانی فێرکردنی جیاکاری بۆ مامۆستایانی بابەتی جوگرافیای پۆلی دەیەمی وێژەیی لە خوێندنگە ئامادەییەکانی شاری سلێمانی، توێژینەوەکە ئامانجەکەی بەدیهێنا بە پێی ئەو هەنگاو و ڕێکارییانەی لە بەشی سێیەمدا خراونەتەڕوو، لە ئەنجامدا بەرنامە فێرکارییەکە بە پێی هەرسێ ستراتیژییەکانی فێرکردنی جیاکاری کە لە (١٦) وانە پێکهاتووە و لە دوو توێی پەرتوکێکدا دەستەبەرکرا و ڕادەی شیاوی و گونجاوی دیاریکرا لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی شارەزایان و پسپۆڕانەوە.

**٤-١-٢: ئەنجامی ئامانجی دووەم/** بریتییە لە: زانینی کارایی بەرنامەیەکی فێرکاری پشت بەست بە ستراتیژەکانی فێرکردنی جیاکاری لەسەر دەستکەوتی فێرخوازانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لە بابەتی جوگرافیادا، لە ڕێگای ئەم گریمانە سفرییەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

بۆ زانینی کاریگەری بەرنامەی فێرکاری پشت بەست بە ستراتیژی فێرکردنی جیاکاری (TPS، جیکسۆ، چالاکی پلەداری) لە ڕێگای گریمانەکەوە کە دەقەکەی دەڵێت: جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (0.05) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی فێرخوازانی گرووپە ئەزموونییەکان کە وانەکان بە بەرنامەی پێشنیازکراو بە ستراتیژی فێرکردنی جیاکاری دەخوێنن و فێرخوازانی گرووپی کۆنترۆڵ کراو وانەکە بە ڕێگەی ئاسایی دەخوێنن لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتدا.

بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی گریمانەکە ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری و هەڵەی پێوەری جیاوازییەکانی نمرەی تاقی کردنەوەی دەستکەوت بۆ هەریەک لە چوار گرووپەکە دۆزرایەوە، وەک لە خشتەی (4-1) دا نیشان دراوە.

**خشتەی (٤-١)**

**بەهای ناوەندە ژمێرەیی و لادانی پێوەری و هەڵەی پێوەری جیاوازی بۆ نمرە جیاوازەکانی تاقی کردنەوەی دەستکەوت بۆ فێرخوازانی نمونەی توێژینەوەکە**

| گرووپەکان | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هەڵەی پێوەری |
|---|---|---|---|
| TPS | ٢٠,١٧ | ٦٦١,٢ | ٥٣٢,٠ |
| جیکسۆ | ٢٨,١٩ | ٩٥١,٢ | ٥٩٠,٠ |
| چالاکی پلەداری | ٥٢,١٨ | ٨١٥,٢ | ٥٦٣,٠ |
| کۆنترۆڵ کراو | ٨٨,١٢ | ٤٨٠,٣ | ٦٩٦,٠ |
| کۆی گشتی | ٩٧,١٦ | ٨٥٧,٣ | ٣٨٦,٠ |

بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ڕادەی جیاوازی ئاماری بەڵگەداری لە نێوان جیاوازی نمرەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوت و دەرخستنی کاریگەریی بەرنامەی فێرکاری پشت بەست بە ستراتیژی فێرکردنی جیاکاری لەسەر فێرخوازانی چوار گرووپەکە و بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکتر، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی شیکارکردنی جیاوازییەکان (**One Way Anova**) جیاوازی ناوەندی دووجاکان و بەهای (**F**) ی ئەژمارکراو بۆ جیاوازی نێوان نمرەی فێرخوازانی چوار گرووپەکە دۆزرایەوە بەو شێوەیەی کە لە خشتەی (٤-٢) خراوەتە ڕوو.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**خشتەی (٤-١) ئەنجامی شیتەڵکردنەوەی جیاوازییەکان (ANOVA)**
**بۆ ناوەندی نمرەکانی خوێندکارانی نمونەی توێژینەوەکە لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت**

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | ناوەندی دووجاکان | بەهای (F) ئەژمارکراو | بەهای (F) خشتەیی لە ئاستی | | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ٠,٠٥ | ٠,٠١ | |
| نێوان گرووپەکان | 612.990 | 3 | 204.330 | 22.811 | 2.68 | ٣,٩٥ | (0.05) |
| لەناو گرووپەکان | 859.920 | 96 | 8.958 | | | | |
| جیاوازی گشتی | 1472.910 | 99 | | | | | |

بە پێی ئەنجامەکانی خشتەی (٤-١) دەردەکەوێت بەهای (F) ی ئەژمارکراو یەکسانە بە (٨١١,٢٢)، ئەوش گەورەترە لە بەهای خشتەیی (٦٨,٢) لە ئاستی (٠٥,٠) و (٣,٩٥) لە ئاستی (٠١,٠) بەهای خشتەیی (٩٤,٣) لە ئاستی (٠١,٠) بە نمرەی ئازادی (٣ و ٩٦)، ئەوش بە واتای بوونی جیاوازی بەڵگە داری دێت لە نێوان ناوەندی نمرەی فێرخوازانی گرووپە ئەزموونییەکان و ناوەندی نمرەکانی فێرخوازانی گرووپی کۆنترۆڵ کراو لە تاقی کردنەوەی دەستکەوت، بەوش گریمانەی سفری ڕەتدەکرێتەوە کە دەڵێت: جیاوازی ئاماری نییە لە ئاستی (٠٥,٠) گریمانەی جێگرەوە قبوڵ دەکرێت، لە بەرژەوەندی گرووپە ئەزموونییەکانی نمونەی توێژینەوەکە لە تاقی کردنەوەی دەستکەوت لای فێرخوازانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لە بابەتی جوگرافیادا.

جێی ئاماژەیە کە هاوکێشەی پەرت و بڵاوی جیاوازییەکان (**One Way Anova**) ئاشکرای دەکات کە تا چەند جیاوازی ئاماری لە نێوان گرووپەکانی توێژینەوەکەدا هەیە یان نا، بەڵام ئاراستەی جیاوازییەکان دیاری ناکات کە لە بەرژەوەندی کام گرووپن، بۆ ئەوەی گرووپە باڵاکان لە نێوان چوار گرووپەکەی نموونەی توێژینەوەکەدا دیاری بکرێت، توێژەر پەیوەست بەم بابەتە هەستا بە جێبەجێکردنی زانیارییەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری (Tukey HSD)، ئەنجامەکان بەو شێوەیە بوون کە لە خشتەی (٤-٢) دا خراوەتە ڕوو.

**خشتەی (٤-٢)**
**ئەنجامی تاقی کردنەوەی بەراوردی فرەیی (Tukey HSD) بۆ هەرچوار گرووپی نموونەی توێژینەوەکە**

| گرووپەکان | ناوەندژمێرەیی | جیاوازی نێوان ناوەندەکان | ئاستی ئاماژە | لە ئاستی بەڵگەداری (٠٥,٠) |
|---|---|---|---|---|
| TPS | ٢٠,١٧ | ٠٨٠,٢- | ٠,٠٧٣ | ئاماژەدار نییە |
| جیکسۆ | ١٩,٢٨ | | | |
| TPS | ٢٠,١٧ | ٣٢٠,١- | ٠,٤٠٧ | ئاماژەدار نییە |
| چالاکی پلەداری | ٥٢,١٨ | | | |
| TPS | ٢٠,١٧ | ٣٢٠,٤* | ٠,٠٠٠ | ئاماژەدارە |
| کۆنترۆڵ کراو | ١٢,٨٨ | | | |
| جیکسۆ | ٢٨,١٩ | ٧٦٠,٠ | ٠,٨٠٦ | ئاماژەدار نییە |
| چالاکی پلەداری | ٥٢,١٨ | | | |
| جیکسۆ | ٢٨,١٩ | ٦,٤٠٠* | ٠,٠٠٠ | ئاماژەدارە |
| کۆنترۆڵ کراو | ١٢,٨٨ | | | |
| چالاکی پلەداری | ٥٢,١٨ | ٦٤٠,٥* | ٠,٠٠٠ | ئاماژەدارە |
| کۆنترۆڵ کراو | ١٢,٨٨ | | | |

(Tukey HSD)

بە پێی زانیارییەکانی کە لە خشتەی (٤-٢) ڕوون کراوەتەوە هاوکۆلکەی بەراوردی فرەیی (Tukey HSD) دەرکەوت جیاوازی ئاماری بەڵگەداری لە نێوان گرووپە ئەزموونییەکان و گرووپی کۆنترۆڵ کراودا بەدیدەکرێت، سەبارەت بە جیاوازی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

نێوان ناوەندی نمرەی گرووپی ئەزموونی TPS و جیکسۆ یەکسانە بە (-٠٨٠,٢)، بە بەهای (٠,٠٧٣) کە گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ئەوەش ئاماژەیە بۆ نەبوونی جیاوازی لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزموونییەکە، سەبارەت بە جیاوازی نێوان ناوەندی نمرەی گرووپی TPS و چالاکی پلەداری یەکسانە بە (-٣٢٠,١)، و ئاستی بە بەهای (٠,٤٠٧) ئەوەش گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ئەوش ئاماژەیە بۆ نەبوونی جیاوازی لە نێوان هەردوو گرووپە ئەزموونییەکە، بەڵام سەبارەت بە جیاوازی نێوان ناوەندی نمرەکانی گرووپی TPS و گرووپی کۆنترۆڵ کراو یەکسانە بە (*٣٢٠,٤)، بە بەهای (٠,٠٠٠) کە بچوکترە لە بەهای بەڵگەداری (٠,٠٥) ئەوەش ئاماژەیە بۆ بوونی جیاوازی ئاماری لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی TPS، هەروەها سەبارەت بە جیاوازی نێوان ناوەنی نمرەکانی گرووپی جیکسۆ و چالاکی پلەداری یەکسانە بە (٠,٧٦٠) بە بەهای (٠,٨٠٦) کە گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ئەوەش بە مانای نەبوونی جیاوازی ئاماری دێت لە نێوان گرووپی ئەزموونی جیکسۆ و چالاکی پلەداری، بە لام سەبارەت بە جیاوازی نێوان ناوەندی نمرەکانی گرووپی ئەزموونی جئکسۆ و کۆنترۆڵ کراو یەکسانە بە (٦,٤٠٠)، بە بەهای (٠,٠٠٠) کە بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ئەوەش ئاماژەیە بۆ بوونی جیاوازی ئاماری لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی جیکسۆ، سەبارەت بە جیاوازی نێوان ناوەندی نمرەکانی گرووپی ئەزموونی چالاکی پلەداری و کۆنترۆڵ کراو یەکسانە بە (*٥,٦٤٠)، بە بەهای (٠,٠٠٠) کە بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٥) ئەوەش ئاماژەیە بۆ بوونی جیاوازی ئاماری لە بەرژەوەندی گرووپی ئەزموونی چالاکی پلەداری.

پشت بەست بە هاوکۆلکەی فرەیی (Tukey HSD) دەرکەوت سەرجەم گرووپە ئەزموونییەکان کە وانەکانیان بە بەرنامە فێرکارییەکە پشت بەست بە ستراتیژییەکانی فێرکردنی جیاکاری دەخوێند، باڵادەست بوون بەسەر گرووپی کۆنترۆڵ کراو، جێی ئاماژەیە ستراتیژی جیکسۆ بە پلەی یەکەم، ستراتیژی چالاکی پلەداری بە پلەی دووەم و TPS بە پلەی سێیەم دێت.

بۆ دەرخستنی قەبارەی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکان (بەرنامەی فێرکاری پشت بەست بە هەرسێ ستراتیژی فێرکردنی جیاکاری، ڕێگاکانی وانەوتنەوەی ئاسایی) لەسەر گۆڕاوی شوێنکەوتوو (کارامەیی بیرکردنەوەی جوگرافی)، زانیارییەکان بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئیتا سکوێر ($n^2$) پرۆسێس کران، و ئەنجامەکان بەو شێوەیە بوون کە لە خشتەی (٤-٣) خراوەتە ڕوو.

**خشتەی (٤-٣)بەهای ئیتا سکوێر ($n^2$)بۆ ئەنجامی شیتەڵکردنی جیاوازییەکانی پەرت و بڵاوی نێوان دووجاکانی تاقی کردنەوەی دەستکەوتی خوێندکارانی چوار گرووپەکە**

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | بەهای ئیتا سکوێر ($n^2$)Eta Square | قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|
| نێوان گرووپەکان | 612.990 | ٣ | ٠,٤١٦ | بەرزە |
| لە ناو گرووپەکان | 859.920 | ٩٦ | | |
| جیاوازی گشتی | 1472.910 | ٩٩ | | |

بە پێی ئەنجامەکانی خشتەی (٤-٣) دەردەکەوێت کە بەهای قەبارەی کاریگەری ئیتا سکوێر ($n^2$) یەکسانە بە (٠,٤١٦) ئەوەش گەورەترە لە بەهای پێوەری (٠,١٤) ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە قەبارەی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکان گەورە بووە لەسەر گۆڕاوی شوێن کەوتوو، لای هەر چوار گرووپی فێرخوازان لە تاقی کردنەوەی دەستکەوتی فێرخوازان. بە پێی لێکدانەوەی (کۆهن، Cohen) کە بەهای پێوەری پێشنیاز کردووە بۆ ئاستی قەبارەی کاریگەری ڕێژەی ئیتا سکوێر ($n^2$)، وەک لە خشتەی (٤-٣) دا خراوەتە ڕوو.

**خشتەی (٤-٤) بەهای قەبارەی کاریگەری ستاندارد**
**بۆ ڕێژەی چوارگۆشەی Eta Square کە لەلایەن (کۆهن) لێکدراوەتەوە.**

| جۆری پێوەر | قەبارەی کاریگەری بەپێی ئاستی بەهاکان | | |
|---|---|---|---|
| | نزم | مامناوەند | بەرز |
| ($n^2$) Eta Square | ٠.٠١ | ٠.٠٦ | ٠.١٤ |


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص: 100-124
المجلد (8) – العدد (2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**٤-١-٣: ڕاڤە و لێکدانەوەی ئەنجامی توێژینەوەکە**

بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکە لەسەر دەستکەوتی فێرخوازان، وەک لە خشتەکانی پێشوودا دەرکەوتووە، جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان نمرەی فێرخوازانی گروپە ئەزموونییەکان و گروپی کۆنترۆڵکراودا لە بەرژەوەندی فێرخوازانی گروپی ئەزموونی یەکەم و دووەم و سێیەم بوو کە بابەتەکەیان بە بەرنامەی فێرکارییەکە پشتبەست بە ستراتیژییەکانی فێرکردنی جیاکاری لە تاقیکردنەوەی دەستکەوت خوێندووە، لە ئاستێکی بەرزدایە، بۆ نمونە قەبارەی کاریگەریی گروپی ئەزموونی دووەم کە بەرنامەکەیان پشت بەست بە ستراتیژی جیکسۆ خوێندووە بریتییە لە (2.024) بە پلەی یەکەم دێت،

قەبارەی کاریگەریی گروپی ئەزموونی سێیەم کە بەرنامەکەیان پشت بەست بە ستراتیژی چالاکی پلەداری خوێندووە بریتییە لە (1.818) بە پلەی دووەم دێت، قەبارەی کاریگەریی گروپی ئەزموونی دووەم کە بەرنامەکەیان پشت بەست بە ستراتیژی TPS خوێندووە بریتییە لە (١.٤٢٣) لە پلەی سێیەمدایە.

بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەردەکەوێت، کە گروپی ئەزموونی دووەم کە بەرنامەکەیان پشت بەست بە ستراتیژی جیکسۆ خوێندووە، کاریگەرییەکەی بەرزترە لە گروپی ئەزموونی یەکەم و سێیەم، توێژەر پێی وایە ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ یەکێک یان چەند هۆکارێک لەمانەی خوارەوە:

١. ڕەخساندنی ژینگەیەکی فێرکاری ڕێکخراو و پێشوەختە پلان بۆ دارێژراو بە پێی هەنگاوەکانی بەرنامە فێرکارییەکە وایکردووە کە پرۆسەی فێرکردن کاریگەرتر بێت بەرەو گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان.
٢. ڕەنگە بەرنامە فێرکارییەکە، بەپێی ستراتیژییەکانی فێرکردنی جیاکاری، کار لەسەر کاراکردن و چالاککردنی ئەو زانیاریانە بکات کە فێرخواز پێشتر فێری بووە، ئەمەش بنەمایە بۆ فێربوونی دواتر بە دروستکردنی پەیوەندی لەناو مادەی فێربوو و پێکهاتەی مەعریفیدا.
٣. ڕەنگە پێشکەشکردنی چالاکییە جۆراوجۆرەکان لەناوەوە و دەرەوەی بەرنامەکە بەکارهێنانی ڕێگا جیاوازەکانی پێشکەشکردن کاریگەری ئەرێنی هەبێت لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدای فێرخوازانی گروپە ئەزموونییەکان بەراورد بە ئەدای گروپی کۆنترۆڵ.

**٤-٢: دەرئەنجامی توێژینەوەکە**

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەم دەرئەنجامەی خوارەوە، دەخرێتە ڕوو:

وتنەوەی بابەتی جوگرافیای پۆلی دەیەمی وێژەیی، بە پێی بەرنامەی فێرکاری پشت بەست بە ستراتیژییەکانی فێرکردنی جیاکاری (TPS ، جیکسۆ، چالاکی پلەداری) دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی فێرخوازان لە بابەتەکە بەشێوەیەکی باڵا، بە بەراورد بە لەگەڵ وتنەوەی هەمان بابەت بە ڕێگا ئاساییەکە بۆ وانەوتنەوە.

**٤-٣: ڕاسپاردەکان**

توێژەر چەند ڕاسپاردەیەک دەخاتە ڕوو کە بریتین لە:

٤-٣-١: پشتیوانیکردنی بەرنامە فێرکارییەکە پشت بەست بە ستراتیژی فێرکردنی جیاکاری TPS، جیکسۆ، چالاکی پلەداری، لە بابەتی جوگرافیای پۆلی دەیەمی وێژەیی، لەلایەن بڕیار بەدەستانی پەروەردەوە.
٤-٣-٢: چاپکردنی پەرتوکی بەرنامە فێرکارییەکە لەلایەن بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکراوەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانەوە.
٤-٣-٣: ڕاسپاردنی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا، بە بەکارهێنانی بەرنامەکە لە کاتی وانەوتنەوەدا، لەلایەن سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی.
٤-٣-٤: پاڵپشتیکردنی مامۆستایان و هاندانیان بۆ بەکارهێنانی ڕێگا و ستراتیژییەکانی فێرکردنی جیاکاری و گرنگیدان بە پێویستییەکانی فێرخواز، لە پێناو سەرکەوتنی پرۆسەکانی فێربووندا.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**٤-٤: پێشنیازەکان**

٤-٤-١: ئامادەکردنی بەرنامەیەکی فێرکاری لەسەر بنەمای ستراتیژییە نوێیەکانی وانەوتنەوە بۆ بابەتەکانی تری خوێندن لە خوێندنگە ئامادەییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەدەی هەرێمی کوردستان.
٤-٤-٢: ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە بە ناونیشانی کاریگەری بەنامەیەکی فێرکاری پشت بەست بە ستراتیژییەکانی فێرکردنی جیاکاری لەسەر دەستکەوت و گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی تێرامان.
٤-٤-٣: ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر هەڵوێستی مامۆستایان بەرامبەر بەکارهێنانی بەرنامەی فێرکاری لە وتنەوەی بابەتەکانی خوێندن.

**لیستی سەرچاوەکان**


1. الأسدي و المسعودي (2015) **إستراتيجيات وطرائق تدريس حديثة في الجغرافيا**، ط1، دار الصفاء للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.
2. بابان، شنه إبراهيم (2012) **أثر برنامج تعليمي مقترح في تحصيل طلبة الصف العاشر في مادة الجغرافية وتنمية التفكير الناقد لديهم بمركز محافظة السليمانية**، رسالة ماجستير غير منشورة.
3. البستاني، بطرس (1995) **محيط المحيط**، ط4، المؤسسة العربية للطباعة والنشر، بيروت.
4. البهرزي، علاء شاكر محمود (1989) **تحليل التفاعل بين المدرس وطلبته في مواد الفنية العملية في قسم التربية التربية الفنية**، كلية الفنون الجميلة، جامعة بغداد، رسالة ماجستير غير منشورة.
5. الجادری، عدنان حسين (2007) **الاحصاء الوصفی فی العلوم التربوية**، ط2 دارالمسيرة للنشر، عمان.
6. حسين، محمد بن عبدالهادي (2009) **استراتيجيات الجديدة للتعليم**، دار الكتاب الجامعي، العين.
7. الحليسي، معيض بن حسن (2011) **أثر إستخدام إستلاتيجية التعليم المتمايز على تحصيل الدراسي في مقرر اللغة الإنكليزية لدى تلاميذ الصف السادس الإبتدائي**، رسالة ماجستير منشورة، كلية التربية جامعة أم القرى، السعودية.
8. الحيلة، محمد محمود (1999) **التصميم التعليمي نظرية وممارسة**، ط1، دار المسيرة للطباعة والنشر، عمان، الأردن.
9. الخطيب، أحمد (1990) **التعليم والبرامج التعليمية**، ط3، مكتبة قاهرة، قطر.
10. رسول، رسول إبراهيم (2014) **دەروازەیەک بۆ وانەوتنەوە**، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی نارین.
11. الزند، وليد خضر عباس (2004) **التصاميم التعليمية**، سلسلة إصدارات أكاديمية التربية الخاصة، الرياض، السعودية.
12. زيتون، حسن حسين (2005) **التدريس نماذجة ومهاراته**، ط2، عالم الكتب، القاهرة.
13. السامرائي، مهدي صالح و أخرون (1988) **معايير التطوير المناهج الدراسية في جامعة بغداد**، مركز بحوث التربوية والنفسية في جامعة بغداد، العراق.
14. سرحان، الدمرداش بن عبدالمجيد (2010) **المناهج المعاصرة**، دار النهضة العربية، القاهرة.
15. سعادة، جودة أحمد (2011) **تدريس مهارات التفكير مع مئات الأمثلة التطبيقية**، دار الشروق، عمان، الأردن.
16. شحاته، حسين و النجار، زينب (2003) **معجم المصطلحات التربوية والنفسية**، ط1، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة، مصر.
17. الصبري، عزام عبدالرحمن (2006) **الإحصاء الوصفي و تعامل spss**، دار الكتاب العالمي، عمان.
18. صبري، ماهر إسماعيل (2003) **الموسوعة العربية لمصطلحات التربية وتكنولوجيا التعليم**، ط1، مكتبة الرشد، الرياض.
19. الطيطي، محمد حمد (2008) **التربية الإجتماعية وأساليب تدريسها**، عالم الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.
20. عارف، كارزان محمد (2014) **اثر برنامج تعليمي متعدد الوسائط في تحصيل طلبة قسم العلوم الاجتماعية في مادة الجغرافية الطبيعية و اتجاهاتهم نحوهما**، رسالة ماجستير غير منشورة، السليمانية.
21. عبد الموجود، محمد كامل (1996) **البيئة العالمية لسلوك الإستذكار لدى عينة من الطلاب الجامعة في ضوء المتغيرات في الجنس و التخصص**، مجلة البحث في التربية وعلم النفس، المجلد 9، عدد 3، جامعة المنيا، مصر.
22. عبدالرزاق، مصطفى محمود حسن (2020) **أثر برنامج تعليمي قائم على ما وراء التعلم في تحصيل مادة علم النفس والإتجاهات نحوها لدى طلاب كلية التربية المعرضين لخطر الإستبعاد الأكاديمي**، مجلة كلية التربية – جامعة عين شمس، عدد 44، قاهرة.
23. عبيد، ماجة السيد (2001) **مناهج وأساليب تدريس ذوي الحاجات الخاصة**، ط1، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.
24. عبيدات، ذوقان و أبو السميد، سهيلة (2007) **إستراتيجيات التدريس في القرن الحادي والعشرين دليل المعلم والمشرف التربوي**، ط1، دار الفكر ناشرون وموزعين.



DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد (2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

25. عبيدات، ذوقان و سهيلة، أبو السميد (2007) **استراتيجيات التدريس**، ط1، دار الفكر، عمان، الأردن.
26. عطية، محسن بن علي (2009) **الجودة الشاملة والجديد في التدريس**، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.
27. عطية، محسن علي (2008) **الإستراتيجيات الحديثة في التدريس الفعال**، دار الصفاء للنشر والتوزيع والطباعة، عمان.
28. عطية، محسن علي (2008) **المناهج الحديثة وطرائق التدريس**، دار المناهج للنشر والتوزيع، الأردن.
29. عفانة، عزو (2000) **حجم التأثير وإستخدامه في الكشف عن مصداقية النتائج في البحوث التربوية والنفسية**، مجلة الحوث والدراسات التربوية الفلسطينية، جمعية الحوث والدراسات التربوية الفلسطينية، العدد الثالث.
30. علام، صلاح الدين محمود (1997) **دليل المعلم في تقويم الطلبة في الدراسات الإجتماعية**، دار الفكر، القاهرة.
31. الكاظمي، هيام مهدي جواد (2018) **بناء برنامج تعليمي – تعلمي وفقا للستراتيجيات المعرفية لتعلم طالبات الصف الأول المتوسط وأثره في الفهم المرن وتحصيلهن في الرياضيات**، أطروحة دكتوراه غير منشورة، ابن الهيثم- جامعة بغداد.
32. الكناني، سلوان خلف جاسم (2020) **البرامج التعليمية الاتجاهات الحديثة التي تقوم عليها و استراتيجياتها رؤية نظرية معرفية و توظيفية**، مكتب اليمامة للطباعة والنشر، بغداد، باب المعظم.
33. كوجك، كوثر حسين وآخرون ( 2008) **تنويع التدريس في الفصل دليل المعلم لتحسين طرق التعليم والتعلم في مدارس الوطن العربي**، بيروت، مكتب اليونسكو الاقليمي للتربية في الدول العربية.
34. كيشكو، عماد (2005) **برنامج تقني مقترح في ضوء الانجاز العلمي لتنمية التفكير التأكلي في العلوم لدى طلبة الصف التاسع الأساسي بمدينة غزة**، (رسالة ماجستير غير منشورة)، كلية التربية، الجامعة الإسلامية، غزة، فلسطين.
35. لطفي، إيمان عبدالعال (2013) **تعلم النشط والتعليم المتمايز**، ط1، عالم الكتب، القاهرة.
36. اللقاني، أحمد حسين و الجمل، علي (1999) **معجم المصطلحات التربوي المعرفية**، عالم الكتب، القاهرة، مصر دار البنابيع، ط1، دمشق، سوريا.
37. ملحم، سامي محمد (2011) **مناهج البحث في التربية وعلم النفس**، ط6، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان، الأردن.
38. نمر، عصام (2008) **القياس والتقويم في التربية الخاصة**، ط1، دار اليازوري، عمان.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.6
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)